


# دیموکراسییەت.. گشتپرسی .. دەوڵەت

**مێژووی گەلە ئازادەکانی جیهان پێمان دەڵێت، تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆتایی بە جەور و ستەم دێت و قۆناخی ئاشتی و سەقامگیری دەست پێدەکات**

**ناکرێت گشتپرسی وەک ماف و ئامراز گرێ بدرێتەوە بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دیموکراتی، ئەوجا لە عێراقی عەرەبی بێت، یان لە کوردستان، یاخود ببەسترێتەوە بە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی، یان بڕوبیانووی جۆراوجۆری بۆ بدۆزرێتەوە**

بێگومان بۆ کۆمەڵگەی دیموکراسی و ئازاد، دیموکراسی و گشتپرسی و دەوڵەت هەرسێکیان ئامرازن بۆ بەختەوەری و ئاسوودەیی مرۆڤەکان، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی چەوساوەو داگیرکراو ئەم سێ چەمکە (دیموکراسی و گشتپرسی و دەوڵەت) هەم دەبنە ئامراز و هەمیش دەبنە ئامانج.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری بارودۆخی ئێستای کوردستان بکەین کە هەتا ئێستاش لەقۆناخی رزگاریی نیشتمانیدایەو هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی لە ناوچەیەکدایە کە نامۆیە بە کەلچەری سیاسیی یەکتری قبووڵکردن، کە زۆر زەحمەتیشە مەزندەی ئەوە بکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری بەسەر ئەم کەلچەردا بێت و بگۆڕێت بۆ یەکتری قبوڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، ئەوا دەبێت بەو جۆرە سەیری ماف و گشتپرسی وەك ئامراز بکرێت کە بە هۆیەوە کۆتایی بە دوو ستەمی گەورە دێت کە سەدان ساڵە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان پیادە کراوە، ئەو دوو ستەمەش بریتین لە:

١- کۆتاییهاتن بە داگیرکاریی کوردستان.


٢- دووبارە نەبوونەوەی تاوانی ژینۆساید دژی خەڵکی کوردستان.

هەر بۆیە گرنگە لەم ئاراستەیەوە سەیری گشتپرسی بکرێت وەك ئامرازێك بۆ کۆتاییهێنان بەو دوو ستمە گەورەیە، ئەگەر بەمشێوەیە سەیری پرۆسەی گشتپرسی نەکەین، خۆمان دووچاری هەڵەیەکی گەورە دەکەین.

لێرەوە دەکرێت بڵێین، گشتپرسی هەم مافە، هەم ئامرازە، ئەمەش بەو مانایەی مافی خەڵکی کوردستانە کە بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات، هەروەها ئامرازیشە بۆ ئەوەی داگیرکاری کوردستان کۆتایی پێ بێت و ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لەم بازنەیەدا ناکرێت گشتپرسی وەك ماف و ئامراز گرێ بدرێتەوە بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دیموکراتی، ئەوجا لە عێراقی عەرەبی بێت، یان لە کوردستان، یاخود ببەسترێتەوە بە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی، یان بڕوبیانووی جۆراوجۆری بۆ بدۆزرێتەوە، بە ئامانجی ئەوەی ئاستەنگ بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی دروست بکرێت.

پرۆسەی گشتپرسی خۆی لە خۆیدا ئامرازێکە خزمەتی پرۆسەی دیموکراتی دەکات و دەسەڵاتی راستەقینە دەگەڕێنێتەوە بۆ گەلی کوردستان، دیاریشە گەورەترین شانازیی سیستمی دیموکراتیش لە مێژوودا ئەوەیە کە دەسەڵاتی راستەقینە بگەڕێتەوە بۆ گەل و گەل خۆی سەرچاوەی بڕیار و دەسەڵات بێت، لەم چوارچێوەیەدا بڕیاردانی گەلی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ، بڕیاردانە بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەت و دەستپێکی قۆناخی ئازادییە.

کوردستان لە ئێستادا کە لەلایەن دراوسێکانی خۆیەوە داگیرکراوە، لەماوەی مێژووی ئەم داگیرکارییەشدا کە نزیکەی ١٠٠ساڵە، چەندین جار گەلەکەی ژینۆسایدو کۆمەڵکوژ کراوەو شارو گوندەکانی لەگەڵ زەوی تەخت کراوە، بەزۆر گەلەکەی راگوێزراوە، یاخود لەناو پرۆسەی بەدناوی تەعریبدا هەوڵدراوە کە ناسنامەی نەتەوەیی تەواوی نەتەوەو پێکهاتەکانی کوردستان بسڕنەوە. مێژووی مرۆڤایەتی راشکاوانە ئەو راستییەی تۆمار کردووە کە هەر گەلێك وەك گەلی کوردستان ئەو هەموو نەهامەتی و کارەساتەی بەسەردا هاتبێت، ئەوا هەرگیز نەیتوانیوە لەگەڵ جەلادەکانی خۆی بە ئازادی و یەکسانی بژی، یاخود لە ناو پرۆسەیەکی سیاسیی هاوسەنگدا






**د. جەعفەرئیبراهیم ئێمنکی**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**


**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

شەراکەت و هاوبەشیی راستەقینە دروست بکات.

مێژووی گەلە ئازادەکانی جیهان پێمان دەڵێت، تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا کۆتایی بە جەور و ستەم دێت و قۆناخی ئاشتی و سەقامگیری دەست پێدەکات، ئەمەش بۆتە ئەو هۆکارەی کە گەل و نەتەوەکانی جیهان پرۆسەی گەیشتن بە ئازادی، بە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی گرێ بدەنەوەو دەوڵەت وەك لانکێك بۆ لەدایکبوونی ئازادی و دیموکراتی پێناسە بکەنەوە.

لەو رۆژەوەی کوردستان بۆتە خاکێکی داگیرکراو، گەلی کوردستان دەستی داوەتە شۆڕش و مقاوەمەت بۆ ئەوەی کۆتایی بەو داگیرکارییە بهێنێت. دیارە لە ماوەی مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردووی شۆڕشەکانی کوردستاندا، ئامانجی شۆڕشەکان سەربەخۆیی کوردستان بووە، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەی کە لە ئاکامی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی هاتبووە ئاراوە، زۆر جاران بەلەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە، خەباتی شۆڕشەکانی کوردستان دوو ئامانجی لەخۆی گرتووە کە یەکەمیان بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیی راستەقینە، یاخود بونیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی مۆدێرن بووە، بەڵام دەرکەوت نە ئەو کۆمەڵگە دیموکراسییە راستەقینەیە لەدایکبوو، نە عێراقیش بووە ئەو دەوڵەتە نیشتمانییە هاوچەرخەی کە پێکهاتەکانی بە ناسنامە و نیشتمانی خۆیانی بزانن.


دیارە لەدوای رووخانی خەلافەتی تالیبان لە ئەفغستان و رژێمی سەدام حوسێن لە عێراقدا، جیهان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە لەناو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی زۆر زەحمەتە پرۆسەی بونیادنانی دیموکراسی لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە سەرکەتوو بێت، بۆیە ئێستا بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرن کە پرۆسەی راستکردنەوەی دەوڵەت و دروستکردنی دەوڵەتی تازە لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئاسانترە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە هەردوو ئامانجە گەورەکەی شۆڕشەکانی کوردستان لەماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوو پێکەوە گرێ بدەینەوە کە بریتین لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیی راستەقینەو دەوڵەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هاوچەرخ، ئەوا رێگەی راست گشتپرسی خەڵکی کوردستانە بۆ سەربەخۆیی، گەیشتن بەم قەناعەتەش بەرەنجامی تاقیکردنەوەی هەموو رێگەچارەکانی دیکە کە پێشتر تاقیکراونەتەوەو هەمووشیان شکستی هێناوە، بۆیە لە ئێستادا نەك هەر تەنیا خەڵکی کوردستان، بەڵکو جیهانی ئازادیش بەرەو ئەوە دەچێت کە تەفەهومی ئەو راستییە بکات، بەوەی بڕیاری گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، رێگەیەکە بۆ چارەسەری کێشەکان.


ئەوەی لە دوماهی ئەم دێڕانەدا دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە کە جێگەی سەرسورمانە لەناو کەشوهەوای ئازادی کوردستاندا خەڵکانێك هەبن رزگاری و ئازادیی نەتەوەیی خۆیان رەتبکەنەوە، بەڵام بوونی ئەو خەڵکانەش دەرهاویشتەی نەبوونی دەوڵەتە، بۆیە کاتێك خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی گشتپرسیدا بڕیار بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدات، ئەوا زەمینەیەك بۆ گەلی کوردستان دروست دەبێت کە وەك هەموو گەل و نەتەوەکانی جیهان لە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆیدا رێگەچارەی گونجاو بۆ هەموو گرفتەکانی خۆی دیاری بکات، بە گرفتی ئەوانەشەوە کە ئێستا دژی گشتپرسی پڕوپاگەندە دەکەن.


**گشتپرسی هەم مافە، هەم ئامرازە، ئەمەش بەو مانایەی مافی خەڵکی کوردستانە کە بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات، هەروەها ئامرازیشە بۆ ئەوەی داگیرکاری کوردستان کۆتایی پێ بێت**


**مێژووی مرۆڤایەتی راشکاوانە ئەو راستییەی تۆمار کردووە کە هەر گەلێک وەک گەلی کوردستان ئەو هەموو نەهامەتی و کارەساتەی بەسەردا هاتبێت، ئەوا هەرگیز نەیتوانیوە لەگەڵ جەلادەکانی خۆی بە ئازادی و یەکسانی بژی، یاخود لە ناو پرۆسەیەکی سیاسیی هاوسەنگدا شەراکەت و هاوبەشیی راستەقینە دروست بکات**



# (کوردستان یان نەمان)ـەکەی شۆڕشی ئەیلوول (بەڵێ)ی ناو سندوقەکانی ڕۆژی گشتپرسییە







**ئەم شێوازە تازەی دەوڵەت کە لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بێ وێنەیە، ئەو دەوڵەتە دەبێت کە گەلی کوردستان لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ بڕیاری لەسەر دەدات و وەک ئاکامی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعشیش، پێناسەی دەوڵەتی هاوچەرخ لە سەرتاسەری ناوچەکە دەکاتەوە**

**ئەگەر دوای نەمانی داعش دەسەڵاتدارانی عێراق یان ئەو هێزەی پێی دەگوترێت حەشدی شەعبی، خۆی وەک براوەی شەڕی دژی داعش پێناسە بکات و بەنیازی ئەوە بێت خۆی بکاتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کوردستان، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن کە براوەی سەرەکی لە شەڕی دژی داعشدا هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشە کە پایتەختی شەڕی جیهانی دژی داعش لە ئێستادا کوردستانە**

هانا ئارنێت لە کتێبی (شۆڕش)دا باس لەوە دەکات، ئەگەر چەمکی شۆڕش لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بەپێی خواست و ئامانجی نەتەوەکان پێناسەی بۆ کرابێت، ئەوا شۆڕش وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئازادی، لە ئاسمانەوە هاتۆتەسەر زەوی و بۆ یەکەمین جار کۆپەر نیکۆس لە کتێبی (شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسماندا) بەکاری هێناوە، ئەمەش بەو مانایەی ئیرادەی مرۆڤ ناتوانێت ڕێڕەوی جووڵەی ئەستێرەکان بگۆڕێت و خۆر هەسارەیەکی جێگرەو زەوی و چەند ئەستێرەیەکی دیکە بە ئازادی و بە شێوەیەکی بازنەیی بەدەوریدا دەخولێنەوە. بۆیە ئیرادەی مرۆڤ ناتوانێت بەربەست بۆ ئازادی دروست بکات.

لەم چوارچێوەیەدا چەمکی شۆڕش مانایە بۆ لابردنی هەر ئاستەنگێك کە دەوڵەت، یان نەتەوەیەکی دیکە لەبەردەم ئازادی گەلێکی دیکە دروستی دەکات، کە شۆڕشیش دەستی پێکرد، ئیرادەی مرۆڤ لە ئاستیدا دەستەوەستان دەبێت و زەوی و ئاسمان بە یەك یاسا هەڵدەسووڕێن و ئازادیی نەتەوەکانیش وەك ئازادیی ئەستێرەکان بە یاسای ئاسمان بەڕێوەدەچن. عەباس مەحمود عەقادیش لە کتێبی (فەلسەفەی شۆڕش لە تەرازوودا) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دروشمی شۆڕشەکان هەڵقوڵاوێکی خۆڕسکی ناخ و ئیرادەی نەتەوەیە و لەچەند وشەیەکدا هەموو ئامانج و هیوای نەتەوە تیایدا بەرجەستە دەبێت، بۆ ئەمەش دروشمی شۆڕشی فەرەنسا کە بریتی بووە لە ( ئازادی و برایەتی و یەکسانی ) لەگەڵ دروشمی شۆڕشی چین و شۆڕشی میسر بەراورد دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ کام لەو سێ وشەی شۆڕشی فەرەنسا لە دروشمەکانی شۆڕشی چین و میسر بوونیان نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئامانجی شۆڕشی چین بە سەرۆکایەتی سن یات سن لە پێناوی ئەوە بووە لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی نەتەوەیی و دیموکراتی نیشتمان جێگەی دەوڵەت بگرێتەوەو ئامانجی ئەوە بووە مەنشورییەکان و تەتەر و مەغۆل و تبتییەکانیش لەچوارچێوەی نیشتمانی چیندا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەگەر سەیری شۆڕشی میسر بکەین بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناسر، ئەوا دەبینین ئەو وشانەی بۆ دروشمی شۆڕشی میسر بەکار هاتوون بریتین لە: (یەکێتی، نیزام، کارکردن)، ئامانجی ناسریش ئەوە بوو کە لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبی یەکێتییەك دروست بکات و هەموو عەرەب لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا کۆبکاتەوە، هەروەك چۆن لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو سووریا و میسر لە چوارچێوەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا بۆ ماوەیەك یەکیان گرت. لەمەش زیاتر ئەگەر سەیری دروشمی شۆڕشی ئەمریکا بکەین کە لەسەر بنەمای (باجدان بەبێ نوێنەرایەتیکردن بوونی نییە) دارێژراوە لە ئاهەنگی چاخواردنەوەی بۆستن بڕیار دەدەن چایەکان بکەنە ناو ئاوەکە، بەو مانایەی (باج دەدەین بە ئاودا، نایدەین بە حکومەتی بەریتانیا)، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمریکییەکان خۆیان ئەو بەریتانیاییانە بوون کە لە ئەمریکا نیشتەجێبوون و ئامانجیان ئەوە بووە بە هاوشێوەی بەریتانیا دەوڵەتێك لە ئەمریکا دروست بکەنەوە کە خۆیان نوێنەرایەتی خۆیان بکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر ئێمەش دروشمی شۆڕشی ئەیلول کە بریتییە لە تەنیا دوو وشە (کوردستان یان نەمان) بەراورد بکەین لەگەڵ دروشمی هەموو شۆڕشەکانی جیهان، دەبینین دروشمی شۆڕشی ئەیلول لە هەموویان جیاوازە ئاماژەیە بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کە ئامانجی ئەوەیە ببێتە خاوەنی کیان و دەوڵەت و خۆی لە کۆیلایەتی ڕزگار بکات.

دروشمی کوردستان یان نەمان، وەڵامدانەوەی پەشێمانبوونەوەی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم ــە لە بەندی ٣ی دەستووری کاتیی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ کە ڕاشکاوانە ئەو بەندە دەستوورییە پێشێل دەکات کە دەڵێت: (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە) بۆیە کاتێك حکومەتی قاسم ئینکاری ئەوە دەکات کە کورد خاوەنی نیشتمانی خۆی بێت، ئیدی وەڵامدانەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەوە بووە، یان دەبێت هەموو پێکەوە لەپێناوی کوردستان بمرین، یان دەبێت کوردستان نیشتمانی خەڵکی کوردستان بێت.

بۆیە ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ تێزەکەی هانا ئارنێت لەسەر ئەوەی کاتێك

شۆڕش هەڵدەگیرسێت (زەوی و ئاسمان بە یەك یاسا هەڵدەسووڕێن) دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئیرادەی نەتەوە، ئیرادەی ئاسمان لە سەر زەوی بەرجەستە دەکاتەوە و هیچ هێز و دەسەڵاتێك ناتوانێت تاسەر ئاستەنگ بۆ ئازادیی نەتەوەکان وەك ئازادی جووڵەی ئەستێرەکان لە ئاسمان دروست بکات.


## ● دەنگی بەڵێی ڕۆژی ٩/٢٥ هاوتای تەقاندنی یەکەم فیشەکی شۆڕشی ئەیلوولە

لەگەڵ ئەوەی مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتیی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە، بەڵام ئیرادەی خەڵك بۆ ئازادی و ڕەتکردنەوەی بێ ڕێزیکردن بە کوردستان شۆڕشەکەی هەڵگیرساند، هەر بۆیەش هەموو خەڵکی کوردستان بەجیاوازی حزب و لایەنی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە بەشداری ئەو شۆڕشەیان کردووە و شۆڕشەکەیان بە شۆڕشی خۆیان زانیوە و هەر لەپێناوی ڕزگاری کوردستاندا گیانی خۆیان بەخت کردووە.

ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ کە دەبێتە ڕۆژی هەڵگیرساندنی شۆڕش، لەگەڵ تەقاندنی یەکەم فیشەکدا مێژوویەکی نوێ لە ژیانی نەتەوەیەکی ژێردەستەدا دەست پێدەکات و دەبێتە دابڕانێك لەنێوان دوو سەردەمی جیاوازدا، سەردەمێك ڕۆژانی پێش ١١ی ئەیلوول و سەردەمێك دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول، لەسەردەمی ڕۆژانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولدا، دەسەڵاتێك لە بەغداوە دەیەوێت کوردستان بسڕێتەوە و بیکاتە بەشێك لە نیشتمانی عەرەب، لە ڕۆژانی دوای ١١ی ئەیلوولدا نەتەوەیەکی ئازادیخواز لەدایك دەبێت کە دەیەوێت نەتەوەکەی خاوەنی نیشتمانی سەربەخۆی خۆی بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا چاوی تەماعی لەسەر خاکی هیچ نەتەوەیەکی دیکە نییە و ئامانجی ئەوەیە لە چوارچێوەی ڕێز و بەرژەوەندی هاوبەشدا لەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی دەوربەری بە ئاشتی بژی. ئەمەش مانای ئەوەیە گەلی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایە شۆڕشی ئەیلوولی بەرپا کردووە، بۆ ئەوەی خۆی ئازاد بێت و نەتەوەکانی دەوروبەریشی بە ئازادی بژین، بڕوای ئەو لۆژیکە هەبووە کە نەتەوەیەك ئازاد نابێت، ئەگەر ئامانجی ئەوە بێت نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە.

شۆڕشی ئەیلوول لەبەر ئەوەی بەمانای وشە دەربڕی ئیرادەی خۆڕسك و ڕاستەقینەی تەواوی خەڵکی کوردستان بووە بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، ئەوا بەرجەستەبوونی ئەو ئیرادەیە لەناو چوارچێوەی شۆڕشدا ببووە ئەو یاسایانەی کە نەتەوەیەکی ئازاد لەناو دەوڵەتێکی ئازاددا دایدەڕێژێت، ئەمەیە نهێنی شۆڕشی ئەیلوول کە شۆڕشێك بووە نەك تەنیا ئامانجی ئەوە بووە کە لە دەوڵەتی کوردستاندا یاسا سەروەر بێت و تاکەکانی نەتەوە کەرامەتیان پارێزراو بێت و سەلامەت و خۆشگوزەران بن، بە کردەییش لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا سەروەریی یاسا بوونی هەبووەو وەك دادوەرە بەڕێزەکان و خەڵکی ئەو سەردەمە کە بەشێکیان ئێستاش لە ژیاندا ماون و بۆمان دەگێڕنەوە و دەڵێن: لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا، هەر لە زاخۆوە تا خانەقین کەسێك نەیدەتوانی غەدر و تەعەدا لەکەس بکات و دەرگای دادگاکان بەردەوام کراوە بوون بۆ ئەوەی هەر کەسێك غەدری لە کەسێك کردبێت، بەیاسا لێپێچینەوەی لە گەڵ بکرێت.

شۆڕشی ئەیلوول، تەنیا شۆڕشە لەناو هەموو شۆڕشەکانی گەلانی سەدەی بیستەمدا کە بڕوای بە لێبوردەیی و پێکەوەژیان هەبووە، تەنانەت بەرامبەر نەتەوەی عەرەبیش کە ڕژێمەکەی کوردستانی داگیر کردبوو، پەیامی پێکەوەژیان و برایەتی نێوان کورد و عەرەب بووە، تەنانەت ئەو ڕۆژنامەی شۆڕشی ئەیلوول کە بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو بە ناوی (التاخی) واتە (برایەتی) دەردەچوو، لەمەش زیاتر لەگەڵ ئەوەی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق لەساڵانی ١٩٦١- ١٩٧٥ بەشێوەیەکی سیستماتیکی تیرۆری دەوڵەتیان دژی خەڵکی کوردستان پیادە دەکرد، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕێبەری شۆڕش بواری ئەوەی نەدا ئەگەر وەك کاردانەوەی کارە تیرۆرییە دەوڵەتییەکانی حکومەتی بەغداش بێت، نابێت گەلی کوردستان دارودەستەی



**سەرۆک مسعود بارزانی زۆر ڕاشکاوانە لە میانەی دیدارەکانی لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان لەچەند ڕۆژی ڕابردوو ئاماژەی پێکردووە کە دەوڵەتی داهاتووی کوردستان دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی دەبێت و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان خۆیان حوکمڕانی خۆیان دەکەن و خۆیان بڕیار بەدەست دەبن و هەر خۆشیان بەشێک دەبن لە سوپای کوردستان و ناوچەکانی خۆشیان دەپارێزن**

**نابێت دوای نەمانی داعش، جۆرە دەوڵەتانێک بوونیان هەبێت کە نییەتی ئەوەیان هەبێت بە هەڕەشە و هێزی سەربازی ئاسایشی کوردستان بخەنە مەترسییەوە، بەپێچەوانە دەبێت پەیوەندی تازەی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و سەربازی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان ڕێکبخاتەوە**




رژێمەکان لەگەڵ هاوڵاتیانی سڤیلی نەتەوەی عەرەب تێپەڕ بکات. هەربۆیە کاتێك لەدوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، شەڕی جیهانی دژی تیرۆر راگەیاند، سەرۆك بارزانی لە پەیامێکدا راشکاوانە وەڵامی ئەمریکا و جیهانی دایەوەو پێی راگەیاندن، گەلی کوردستان ٤٠ ساڵ پێش هەموو جیهان و لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ شەڕی دژی تیرۆری راگەیاندووەو بەهەموو شێوەیەك بەرپەرچی تیرۆری داوەتەوەو رێگەی نەداوە خەڵکی کوردستان پەنا بۆ ئەو کارە ترسنۆك و قێزەونە بەرن.

لێرەوە ئەگەر بەراوردێك لەنێوان رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ لەگەڵ رۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بکەین، دەبینین هەمان ئەو هۆکارانەی بوونە هۆکاری ئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی دا، ئێستاش هەمان هۆکار بوونە هۆکاری ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بڕیاری گشتپرسی بدات و لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز، کە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە چوارچێوەی دەستووری کاتیی عێراق لەساڵی ١٩٥٨ دانی بەوەدا نا کە



(عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە)، مستەفا بارزانی بڕیاری دا لە سۆڤێتەوە بگەڕێتەوە بۆ عێراق و پێکەوە کورد و عەرەب وەك دوو نەتەوەی برا نیشتمانێکی هاوبەش بونیاد بنێنەوەو بناغەی ئایندەیەکی هاوبەش بونیاد بنێن، بەڵام ئەقڵییەتی قەومی شۆڤێنییەتی عەرەبی وایکرد کە خەڵکی کوردستان ناچار بێت پەنا بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش بەرێت و لەژێر دروشمی (کوردستان یان نەمان)دا بەرپەرچی غەدر و زوڵمەکانی رژێمی قاسم و دوای ئەویش زوڵم و غەدری حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق بداتەوە. لەدوای ساڵی ٢٠٠٣شەوە، جارێکی دیکە بە هاوشێوەی قۆناخی دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز، جارێکی دیکە بارودۆخێکی تازە لە عێراقدا هاتەئاراوەو زەمینەی نووسینەوەی دەستوورێکی تازە لەسەر بنەمای هاوبەشیی نێوان کورد و عەرەب و لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تازەی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتیدا دروست بوو، کە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی بڕیار بدەن کە لە چوارچێوەیەی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە ببنەوە بە بەشێك لە عێراق، بەڵام چۆن حکومەتی قاسم لەژێر کاریگەری ئەقڵییەتی شۆڤێنی عەرەبی لە



**لەگەڵ ئەوەی مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە، بەڵام ئیرادەی خەڵک بۆ ئازادی و ڕەتکردنەوەی بێ ڕێزیکردن بە کوردستان شۆڕشەکەی هەڵگیرساند، هەر بۆیەش هەموو خەڵکی کوردستان بەجیاوازی حزب و لایەنی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە بەشداری ئەو شۆڕشەیان کردووە و شۆڕشەکەیان بە شۆڕشی خۆیان زانیوە و هەر لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا گیانی خۆیان بەخت کردووە**

**گەلی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایە شۆڕشی ئەیلوولی بەرپا کردووە، بۆ ئەوەی خۆی ئازاد بێت و نەتەوەکانی دەوربەریشی بە ئازادی بژین، بڕوای ئەو لۆژیکە هەبووە کە نەتەوەیەک ئازاد نابێت، ئەگەر ئامانجی ئەوە بێت نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە**

هەموو بەڵێنەکانی پاشگەز بووەوەو هێرشی کردە سەر کوردستان، بە هەمان شێوە دەسەڵاتدارانی عەرەبی شیعەی عێراقیش دوای چەند ساڵێك لە نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥، کەوتنە هەڕەشەی داگیرکردنەوەی کوردستان و پێشێلکردنی دەستوورەکە، تا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان ببڕن، کە وەك سەرۆك بارزانی دەڵێت، ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراق بڕیاری ئەنفالکردنی هەموو گەلی کوردستان بوو، لەبەر ئەوەی ئەمجارەیان دەستیان کرد بە بڕینی شیری منداڵ و کۆرپەکانی کوردستانیش.


کەواتە ئەنجامدانی پرۆسەی گشتپرسی لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ، شۆڕشێکی دیکەی خەڵکی کوردستانە بۆ بەرپەرچدانەوەی پێشێلکردنی دەستووری عێراق و نکۆڵیکردن لە کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراقەوە. گەلی کوردستان لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بە شۆڕشی چەکداری وەڵامی هێرشە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقی دایەوە، بەڵام لە ئێستادا بە دەنگدانی خەڵکی کوردستان وەڵامی حکومەتی عێراق دەداتەوە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا گەلی کوردستان ئامانجی ئەوە بوو دەسەڵاتدارانی بەغدا بە هۆش خۆیان بێنێتەوە و کورد و عەرەب پێکەوە بە ئاشتی لەیەك نیشتماندا پێکەوە بژین، لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵیشدا گەلی کوردستان دیسان ئامانجی ئەوەیە لەگەڵ دەوڵەتی عەرەبی عێراق وەك دوو دراوسێی باش پێکەوە بژین، پەیامی خەڵکی کوردستان بۆ عەرەبی عێراق بە سوننە و شیعەوە ئەوەیە، ئەگەر بە درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو نەمانتوانیبێت پێکەوە وەك دوو نەتەوەی هاوبەش لە نیشتمانێکدا بژین، باشترە وەك دوو دەوڵەتی دراوسێی باش پێکەوە بژین.

## ● شەڕی دژی داعش بۆ پێشمەرگە پرۆڤەی پاراستنی دەوڵەتی هاوچەرخی کوردستان بوو

چارلس تیللی زانای بەناوبانگی زانستی سیسیۆلۆژی و سیاسەت دەڵێت: (دەوڵەتان شەڕ دروست دەکەن و شەڕیش دەوڵەت دروست دەکات)، ئەگەر ئەم قسەیە لە بواری زانستی سیاسەت بووبێتە ئەو نەگۆڕەی کە توێژەران بۆ ڕاڤەکردنی بۆچوونەکانیان پشتی پێ ببەستن، ئەوا لەشەڕی دژی داعشدا، ئەم وتە بەناوبانگەی تیللی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو دەبێتە ئەوەی کە بڵێین: (دەوڵەتی بەزۆر دروستکراوی دەستکرد دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی فیکری تیرۆر و توندڕەوی و شەڕ دروست دەبێت، شەڕیش پێناسەی دەوڵەت دەکاتەوە).

ئاشکرایە سەرهەڵدانی داعش وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی و دڕندەی بێ وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەرهاویشتەی کێشەی دەوڵەت و حوکمڕانیی فاشیلە لەناو عێراق بەگشتی و لە حوکمڕانیی نوری مالیکی-یەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم دەستنیشانکردنە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە داعش هەمان بەشێکە لە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە — لقی عێراق، لەدوای ساڵی ٢٠١٢- ٢٠١٤ و لە ئاکامی سیاسەتە هەڵەکانی نوری مالیکی ئەم ڕێکخراوە ستراتیژیەتی خۆی گۆڕی و لە ڕێکخراوی قاعیدە جیابووەوەو خۆی وەك دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش) ڕاگەیاند، پاشانیش هەر خۆبەدەستەوەدانی زیاتر لە پێنج فیرقەی سوپا و پۆلیسی فیدڕاڵیی عێراق بووە هۆکاری ئەوەی داعش بتوانێت لە موسڵەوە خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا ڕابگەیەنێت و لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بچکۆلەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی دڕندەی تیرۆریستی.

هەر بۆیە ئەگەر شەڕەکانی سەدەی بیستەم، شەڕی نێوان زلهێزەکان بۆ فراوانکردنی نفووزی خۆیان و لە پاش تەواوبوونی شەڕەکانیش لەسەر حیسابی دۆڕاوەکانی شەڕ، بوار بەوە درابێت کە دەوڵەتی دیکە دروست بێت، ئەوا لە شەڕی دژی داعشدا کە شەڕی هەموو جیهانی ئازادە دژی بیری ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی، ئەوا ئەمجارەیان ئاکامی ئەم شەڕە جیاواز دەبێت و ئامانجیش لەم شەڕە ئەوەیە کە تەنیا یەك بەرە دەمێنێت کە ئەویش سەرکەوتنە بەسەر داعش و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعش و بەرەی دووەم نامێنێتەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان وەك ئاکامی شەڕەکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆیە ئاکامی شەڕی داعش وەك ئاکامی هیچ شەڕێکی دیکە نابێت و



ئەو دەوڵەتەی نەتوانێت خۆی لەگەڵ واقیعی تازەی دوای داعش بگونجێنێت، ئەوا دەکەوێتە بەرەی دژی جیهانی ئازاد و ئەویش وەك داعش بوونی نامێنێت.

مانوێل دی ئەلمیدا کە پێشتر سەرنووسەری چاپی ئینگلیزی رۆژنامەی (شەرقولئەوسەت) بوو، دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانییان چیای شنگال ئازاد بکەنەوە، لە وتارێکیدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە هەڵەی گەورەی تیرۆریستانی داعش ئەوە بوو کە پەلاماری کوردستانیان دا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، سەرکردەکانی داعش هیچیان مەزندەی ئەوەیان نەکردبوو کە بەو جۆرە پێشمەرگە رووبەروویان دەبێتەوە، بۆیە شەڕی داعش دژی کوردستان بووە سەرەتای تێکشکاندنی داعش و پرۆفەی پێشمەرگە بۆ پاراستنی سنوورەکانی کوردستان.


دیارە مەبەستی ئەم نووسەرە ئەوەیە ئەگەر رێکخراوی تیرۆریستیی داعش، هێرشی نەکردایەتە سەر کوردستان، ئەوا جیهان بە شێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ داعش دەکردو زۆر زەحمەتیش بوو کە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دروست بێت بۆ تێکشکاندن و لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعش. ئەم چوونە لەسەر بنەمای ئەو راستییانە پشتراست دەبێتەوە کە لەماوەی ساڵانی ٢٠١١- هەتا ئێستاش، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و رۆژئاوا بەتایبەتی نەیانتوانیوە هەڵوێستێکی پێویست بەرامبەر رژێمی بەشار ئەسەد وەربگرن، ئەمە لەکاتێکدا ئەوەی بەشار ئەسەد لەماوەی ئەو شەش ساڵەدا بە خەڵکی سووریای کردووە، شتێکی ئەوتۆی لە داعش کەمتر نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی جێگرەوەکانی رژێمی ئەسەد لەروانگەی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و رۆژئاواوە لە ئەسەد باشتر نین، ئەوا هەڵوێستی جیهانیش بەرامبەر رەفتارە دڕندەکانی رژێمی بەشار ئەسەد وەك ئەوەیە کە هەموو جیهان دەیبینێت. هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە دەستتێوەردانی سەربازیی رووسیا بۆ هێشتنەوەی رژێمی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەلایەن ئەمریکا و ئەورووپا پشتگیری لێدەکرێت.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای تەواوبوونی شەڕی دژی داعش، ئەو توانا و ئیمکانیاتەی هەیە کە بتوانێت هەمان شێوەی شەڕی دژی داعش، بەرپەرچی هەر هەڕەشەیەك بداتەوە ئەگەر کرایە سەر کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئامانج و ستراتیژیەتی شەڕی دژی داعش دەیداتەوە، ئەویش بەو مانایەی نابێت دوای نەمانی داعش، جۆرە دەوڵەتانێك بوونیان هەبێت کە نییەتی ئەوەیان هەبێت بە هەڕەشە و هێزی سەربازی ئاسایشی کوردستان بخەنە مەترسییەوە، بەپێچەوانە دەبێت پەیوەندی تازەی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و سەربازی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان رێکبخاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر دوای نەمانی داعش دەسەڵاتدارانی عێراق یان ئەو هێزەی پێی دەگوترێت حەشدی شەعبی، خۆی وەك براوەی شەڕی دژی داعش پێناسە بکات و بەنیازی ئەوە بێت خۆی بکاتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کوردستان، ئەوا دەبێت ئەو راستییە بزانن کە براوەی سەرەکی لە شەڕی دژی داعشدا هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشە کە پایتەختی شەڕی جیهانی دژی داعش لە ئێستادا کوردستانە.

لایەنێکی دیکەی گرنگی سیمای دەوڵەتی داهاتووی کوردستان، ئەو لایەنەیە کە سەرۆك مسعود بارزانی زۆر راشکاوانە لە میانەی دیدارەکانی لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان لەچەند رۆژی رابردوو ئاماژەی پێکردووە کە دەوڵەتی داهاتووی کوردستان دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی دەبێت و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان خۆیان حوکمرانی خۆیان دەکەن و خۆیان بڕیار بەدەست دەبن و هەر خۆشیان بەشێك دەبن لە سوپای کوردستان و ناوچەکانی خۆشیان دەپارێزن، ئەم شێوازە تازەی دەوڵەت کە لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بێ وێنەیە، ئەو دەوڵەتە دەبێت کە گەلی کوردستان لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ بڕیاری لەسەر دەدات و وەك ئاکامی سەرکەوتنی شەڕی دژی داعشیش، پێناسەی دەوڵەتی هاوچەرخ لە سەرتاسەری ناوچەکە دەکاتەوە.

**ئەگەر ئێمەش دروشمی شۆڕشی ئەیلوول کە بریتییە لە تەنیا دوو وشە (کوردستان یان نەمان) بەراورد بکەین لەگەڵ دروشمی هەموو شۆڕشەکانی جیهان، دەبینین دروشمی شۆڕشی ئەیلوول لە هەموویان جیاوازەو ئاماژەیە بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کە ئامانجی ئەوەیە ببێتە خاوەنی کیان و دەوڵەت و خۆی لە کۆیلایەتی رزگار بکات**

**خۆبەدەستەوەدانی زیاتر لە پێنج فیرقەی سوپا و پۆلیسی فیدراڵیی عێراق بووە هۆکاری ئەوەی داعش بتوانێت لە موسڵەوە خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا رابگەیەنێت و لە رێکخراوێکی تیرۆریستی بچکۆلەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی دڕندەی تیرۆریستی**






د.سیروان کەرکووکی

ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق و کەسایەتی ئایینی و ناسراوی کەرکووک بۆ گوڵان:

# داوا دەکەم سەرۆک بارزانی سەردانی کەرکووک بکات و راشکاوانە گەرەنتی بە پێکهاتە جیاوازەکانی بدات

## ئەوانەی دژی سەربەخۆیی کوردستانن خزمەتی بەلاشی مالیکی و قەیس غەزعەلی دەکەن


کەرکووکی دڵی کوردستان بڕیاری داوە هاوشانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوول بەشداری گشتپرسی بکات و بە بەڵێ دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدات، خەڵکی کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، چاوەڕێی ئەوەن رۆژێك زووتر دەنگ بدەن و ببنەوە بە بەشێك لە خاك و دەوڵەتی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و تایبەتمەندیەکانی کەرکووك، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د.سیروان کەرکووکی ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق و کەسایەتی ئایینی و ناسراوی شاری کەرکووك ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.





*** ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بڕیاریدا کە بەشداری پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان بکات، ئەم بڕیارەی ئەنجومەن چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- بڕیاری بەشداریکردنی کردنی کەرکووك لە پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بڕیارێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ کەرکووك، خەڵکی کەرکووك بە شێوەیەکی گشتی بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە خوازیاری ئەوەن کەرکووك بگەڕێتەوە سەر کوردستان و بەشێك بێت لە دەوڵەتی کوردستان، لێرەدا دەخوازم سەبارەت بە هەڵوێستی عەرەب و تورکمان بەتایبەتی قسە بکەم، عەرەب و تورکمانی کەرکووك ئەوانەی کە پەیوەندییان بە حزبە سیاسییەکانەوە نییە، هەر هەموویان دەیانەوێت کەرکووك بەشێك بێت لە کوردستان، بەڵام هەندێك لە حزبە سیاسییەکانی عەرەب و تورکمان هانی ئەو خەڵکانە دەدەن کە لە دەورپشتیانن دژی پرۆسەی ریفراندۆم بوەستنەوە، بەڵام ئەوانە کەمینەن و ناتوانن کاریگەری لەسەر پرۆسەکە دروست بکەن. خەڵکی کەرکووك بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە



ئومێدی ئەوە دەخوازم کە کۆمسیۆنی باڵا ڕێگەم بدات بە خوێنی خۆم بنووسم بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هەروەها حەزدەکەم بڕیارێک دەربچێت دوای دەنگدانمان بە بەڵێ هەر دیکیۆمێنتێک پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، بیسووتێنن

مردن و ژیان بەدەست خوایە، بۆیە زۆر خەمی ئەوەمە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوول نەبینم، بۆیە من حەزم دەکرد ئەمڕۆ ٢٥ی ئەیلوول بوایە بۆ ئەوەی بچوومایە دەنگم بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدایە

بە درێژایی مێژوو بە جیاوازی هەموو حکومەتەکانی عێراقەوە بەشی خەڵکی کوردستان لەگەڵ عێراق بریتی بووە لە ئەنفال و کیمیاباران و ڕاپێچکردنی لاوەکانمان بۆ بەندیخانە و لە سێدارەدانیان بووە، ئێستاش ئەگەر لەگەڵ عێراق بمێنینەوە، هەمان چارەنووسمان دەبێت و هەمان کارەساتەکانی ڕابردوو دووبارە دەبنەوە

ئەو راستییەی بۆ دەرکەوتووە کە بێجگە لە کارەسات و نەهامەتی هیچ سوودێکی لە حکومەتی ناوەندی بەغدا نەبینیوە، هەر بۆیە بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بۆ بەشداریکردن لە ریفراندۆم هەموو خەڵکەکەی دڵخۆش کردووەو دەزانن کاتێك لە٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ کەرکووکییەکان بڕیار دەدەن ببنە بەشێك لە کوردستان لەو هەموو نەهامەتی و دەدرەوسەرییە رزگاریان دەبێت کە بەدەستی حکومەتی ناوەندی بەغداوە بینیویانە.

*** ئایا بەشێوەیەکی فەرمی هەڵمەتی پرۆسەی ریفراندۆم لە کەرکووك دەستی پێکردووە بۆ دروستکردنی جۆش و خرۆشێك بۆ رۆژی ٢٥ی ئەیلوول؟**


- بەڵێ، ئەو لایەنانەی راسپێردراون بۆ ئەوەی دەست بە هەڵمەتەکە بکەن، دەستیان بە کارەکانی خۆیان کردووە، خۆشتان دەزانن ئەمە سەرەتای هەڵمەتی ریفراندۆمە بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ هەڵمەتەکە گەرمتر دەبێت.

*** ئاشکرایە چارەنووسی کەرکووك ئامانجی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بووە، وا ئێستا کەرکووك خۆی بۆ بڕیاردان ئامادە دەکات، ئایا تاچەند گرنگە لە هەموو کوردستانەوە پشتگیری هەڵمەتی ریفراندۆمی کەرکووك بکرێت؟**

- زۆر گرنگە لەم ماوەیەدا هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان قورسایی خۆیان بخەنە سەر کەرکووك و تەواوی ئەو ناوچانەی کە پێشتر داگیرکرابوون، من هەرگیز بەو ناوچانەم نەگوتووە ناوچە دابڕاوەکان یان ناوچەی کێشە لەسەر، بەڵکو ئەو ناوچانە پێشتر داگیرکرابوون و ئێستا بە خوێنی پێشمەرگەی کوردستان ئازاد کراونەتەوە، بۆیە سروشتی ئەم ناوچانە بەوجۆرەیە بێجگە لەکورد پێکهاتەی دیکەش لەوناوچانە لەگەڵ کورد پێکەوە دەژین، لەسالانی رابردوو و لەسایەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەوە سەلمێندراوە کە پێشمەرگە پارێزەری هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی ئەو ناوچانە بووە و هەروەها عەرەبی سوننەی عێراق لە هەر شوێنێکی عێراق کەوتبێتە بەر هەڕەشە پەنای بۆ کوردستان هێناوە، ئەوجا یان رووی کردۆتە هەولێر و کەرکووك، یان شارەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام لە ئێستادا گرنگە جارێکی دیکە لەگەڵ عەرەب و تورکمان راشکاوانە قسە بکەین و گەرەنتی ئەوەیان بدەینێ کە ئەوان لەناو کوردستاندا پارێزراو دەبن و بەهەموو مافەکانی خۆیان شاد دەبن، هەروەها دەبێت ئەو خەڵکە عەرەب و تورکمانە بگەیەنینە قەناعەت، ئەوەی چەند حزبێکی تورکمانی و عەرەبی دژی ریفراندۆم لە کەرکووك دەیکەن لەبەرژەوەندی ئەوان نییە و مانەوە وەك بەشێك لەگەڵ ناوەند بێجگە لە کارەسات و نەهامەتیی زیاتر هیچ بەرهەمێکی دیکەی نابێت.

*** ئایا بە رای تۆ راگەیاندنەکانی کوردستان بەچ شێوەیەك ببنە پاڵپشتێکی گەورە بۆ هەڵمەتی ریفراندۆمی کەرکووك؟**

- لەسەر ئاستی سیاسی و پاراستنی ژیانی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی کەرکووك و ناوچەکانی دیکە لە خانەقین هەتا شنگال، کوردستان زۆری پێشکەشی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان کردووە و لەبەرامبەریشدا ئەو نەتەوەو ئایینە جیاوازانە زۆر کارەسات و نەهامەتییان بەسەر ئەو خەڵکە هێناوە، بەتایبەتیش عەرەب و تورکمانی کەرکووك، بەڵام بەداخەوە ئەم لایەنە زۆر بەگەرمی جێگەی بایەخی راگەیاندنەکانی کوردستان نەبووە، من لێرەدا ئاماژە بەچەند نموونەیەك دەکەم، لە مانگی نیسانی ٢٠١٣ کاتێك خەڵکی حەویجە دەستیاندایە خۆپیشاندان و مانەوە لە گۆڕەپانەکاندا، ئایا حکومەتی مالیکی چۆن مامەڵەی لەگەڵ کردن لەگەڵ ئەوەی خەڵکی حەویجە بەوە رازی بوو کە سوپا و پۆلیس بێنە ناو شارەکە، بەڵام هێزەکەی مالیکی چووە ناو حەویجە و دەستی بە قەتلوعامی خەڵك کرد، نزیکەی ٥٠-٦٠ گەنجی عەرەبی سوننە بە بریندارى کەوتنە دەستی هێزەکانی مالیکی، بەڵام دواتر هەموویان رەمی کران و فیشەك بە سەر و دڵیانەوە نرابوو، ئەمە بێجگە لەوەی بە هەزارانی دیکە لە عەرەبی سوننە بە بیانووی جیاواز بەندکراون و لەسێدارە دراون، یان هەڕەشەیان لێکراوە و بەناچاری روویان لە کوردستان کردووە، پاشانیش کە شەڕی داعش دەستی پێکرد، ئەو عەرەبانەی لەو ناوچانە بوون کە نزیك بوون لە کەرکووك وەك ریاز و حەویجە هەموویان روویان کردۆتە کەرکووك و



لەناو کەرکووك پێشوازی کراون، ئەمە بێجگە لە عەرەبی ناوچەکانی دیکە کە لەشارەکانی دیکەی عێراقەوە روویان کردۆتە کەرکووك، بۆیە پێویستە بەم راشکاوییە قسە لەگەڵ عەرەبی کەرکووك بکرێت و لە راگەیاندنەکانەوە بایەخی تەواویان پێبدرێت.

*** ئایا تاچەند گرنگە مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان سەردانی کەرکووك بکات و راشکاوانە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکان کۆببێتەوە و گەرەنتییان بداتێ؟**

- ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، بێجگە لە جەنابی سەرۆك بارزانی دەبێت لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی هەموو سەرکردەی حزبەکان بەردەوام سەردانی کەرکووك بکەن، زۆر گرنگە ئەگەر هەتا رۆژی ٢٥ی ئەیلوول سەرۆك بارزانی چەند جارێك سەردانی کەرکووك بکات بۆ ئەوەی ئەوان هەست بەوە بکەن کە لە کوردستاندا ستراتیژیەتێك هەیە خەمی ئەوانیش دەخوات، سیاسەتێك هەیە کە دوای ئەوەی ماوەی ١٤ ساڵە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە فەرامۆشکراون، ئێستا ئەو سیاسەتە بیر لە ئایندە و چارەنووسی ئەوانیش دەکاتەوە، بەڕێز کاك مسعود بارزانی بۆخۆی تەئکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە دەبێت بەرامبەر نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان سەخی و دەستکراوە بین، بۆیە داوای لێدەکەین لەم ماوەیەدا بەڕێزی بۆ سەردانیکردنی کەرکووك سەخی بێت و چەند جارێك سەردانی کەرکووك بکات، بۆ ئەوەی دڵنیایی تەواو بداتە پێکهاتەکانی کەرکووك و گەرەنتییان بداتی ئەو نەهامەتی و کارەساتەی لەسەر دەستی حکومەتی ناوەندی دووچاری بوونەوە، لە کوردستاندا دووچاری نابنەوە.

*** مەبەستت ئەوەیە سەرۆك بارزانی لەمیانەی سەردانەکانی بۆ کەرکووك زیاتر بایەخ بە پێکهاتەکانی غەیرە کورد بدات؟**

- بەڵێ، هەر دەبێت بایەخ بەوان زیاتر بدرێت لەبەر ئەوەی ئەوان پێویستیان زیاتر بە دڵنەوایی و گەرەنتی هەیە، دەبێت ئەوان لەوە تێبگەن بوونی کەرکووك بە بەشێك لە دەوڵەتی کوردستان لەبەرژەوەندی ئەواندایە، بۆیە دەبێت راشکاوانە قسەیان لەگەڵ بکرێت و خواست و داواکاریان گوێی لێبگیرێت، راستە ئێمەومانان دەتوانین پەیامی سەرۆك بارزانی بە ئەوان بگەیەنین، بەڵام ئەوان ئەگەر راستەوخۆ ئەوەیان لە سەرۆك بارزانی گوێ لێبێت، کاریگەری زیاتر دەبێت، ئەمەش دروست وەك ئەوە وایە ئێمە چۆن باسی گەرەنتی دەکەین، کاتێك دێتە سەر پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، ئەوا بەهەمان شێوە گرنگە ئێمەش راستەوخۆ لە رێگەی کاك مسعود بارزانی گەرەنتیی تەواو بە پێکهاتەکانی دیکەی غەیرە کورد بدەین.

*** سەرۆك بارزانی لەمیانەی دیدارەکانی لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم پێشنیاری ئەوەی هەیە کە کۆماری کوردستان، کۆمارێکی فیدراڵی بێت، ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا گەرەنتی نییە بۆ ئەو پێکهاتانە؟**

- ئەم هەنگاوە باشترین فاکتەرە وەك گەرەنتی بۆ پێکهاتە جیاوازەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوان دڵنیابن لەوەی کە دەستووری کوردستان گەرەنتی مافی ئەوان دەدات، ئەوا ئەوان خۆیان دێنە ناو پرۆسەکەو بەشداری گشتپرسییەکە دەکەن، پاشانیش ئەوان دڵنیا دەبن کە ستەمیان لێ ناکرێت، خۆیان دەبنە خاوەنی بڕیاری خۆیان، راشکاوانەتر واتە بڕیاری شارەکە دەکەوێتە بندەستی خۆیان و خۆیان بڕیار بەدەست دەبن، ئەوجا ئەگەر دوای ئەوە هەر کەموکورتییەك روویدات، ئەوا ئەوان لە دادگای فیدراڵیی کوردستان شکات دەکەن و دەبێت دەستوور و یاساکانی کوردستان بەرگرییان لێ بکات و رێگە نەدات غەدریان لێ بکرێت، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە پیادەکردنی سیستمی فیدراڵی لە کۆماری کوردستاندا گەرەنیتە بۆ هەموو پێکهاتەکان.


*** باس لەوە دەکرێت کە هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوە حەشدی شەعبی مەترسی لەسەر ئاسایشی کەرکووك دروست بکات، ئایا تاچەند ئەم مەترسییە بوونی هەیە؟**

- بیگومانم لەوەی کە رۆڵە قارەمانەکانی کەرکووك هەرگیز نەترساون و ناشترسن، پێشتریش لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا خەڵکانێك هەبوون کە هەوڵیانداوە خەڵکی

**پێشبینی دەکەم لە هەڵبژاردنی داهاتوودا خەڵکی کوردستان سزای گۆڕان و کۆمەڵ دەدات و جارێکی دیکە ئەو دەنگانەی پێشتر ناهێننەوە. بەتایبەتیش دوای ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆم سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئیدی ئەوان ناتوانن خەڵک وەک رابردوو چەواشە بکەن**

**ئەم هەڵوێستەی گۆڕان و کۆمەڵ بێجگە لە عیناد و تەعەنووت شتێکی دیکە نییە، پێموایە لە روانگەی خۆیانەوە ئەوان وا مەزندە دەکەن پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە تەنیا پرۆسەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەمەش بە هەڵەداچوونێکی گەورەی هەردوو لایەنی گۆڕان و کۆمەڵ پیشاندەدات**

**حیسابی ورد بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو کراوە، پێشمەرگەش لە ئامادەباشیدایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێک ئەگەر خوانەخواستە رووبدات**



**بەڕێز کاک مسعود بارزانی بۆخۆی تەئکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە دەبێت بەرامبەر نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان سەخی و دەستکراوە بین**

**رۆڵە قارەمانەکانی کەرکووک هەرگیز نەترساون و ناشترسن، پێشتریش لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا خەڵکانێک هەبوون کە هەوڵیانداوە خەڵکی کەرکووک بترسێنن، بەڵام هیچیان پێنەکراوەو کاریگەرییان نەبووە**

**لە ئێستادا گرنگە جارێکی دیکە لەگەڵ عەرەب و تورکمان راشکاوانە قسە بکەین و گەرەنتی ئەوەیان بدەینێ کە ئەوان لەناو کوردستاندا پارێزراو دەبن و بەهەموو مافەکانی خۆیان شاد دەبن**

**کە شەڕی داعش دەستی پێکرد، ئەو عەرەبانەی لەو ناوچانە بوون کە نزیک بوون لە کەرکووک وەک ڕیاز و حەویجە هەموویان ڕوویان کردۆتە کەرکووک و لەناو کەرکووک پێشوازی کراون**

کەرکووک بترسێنن، بەڵام هیچیان پێنەکراوەو کاریگەرییان نەبووە، بەڵام پرۆسەی ئەمجارەی ئەنجامدانی ریفراندۆم جیاوازە و پێویستە ئێمە زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوەی بەرین و هەوڵبدەین هیچ کەسێك ئیستفزاز نەکەین و دەبێت زۆر هێمنانە چاودێری پرۆسەکە بکەین بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت، لە هەمانکاتدا گرنگیشە کە ئامادەکاری بۆ هەموو ئەگەرێك بکەین، دڵنیاشم حیسابی ورد بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو کراوە، پێشمەرگەش لە ئامادەباشیدایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێك ئەگەر خوانەخواستە ڕووبدات.


*** بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان زۆر گرنگە، بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان رازی بێت بەوەی کە پەرلەمان بەبێ مەرج کارا بکرێتەوە، دیارە پارتی رازی بوو هەموو مەرجەکانی خۆی لابەرێت، بەڵام لەبەرامبەردا بزووتنەوەی گۆڕان کۆمەڵێك مەرجی دیکەی ریز کردووە لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی ڕێگرن لەوەی ئەو یەکڕیزییە دروست ببێت، خوێندنەوەتان بۆ ئەم هەڵوێستەی گۆڕان و کۆمەڵ چییە؟**

- ئەم هەڵوێستەی گۆڕان و کۆمەڵ بێجگە لە عیناد و تەعەنوت شتێکی دیکە نییە، پێموایە لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەوان وا مەزندە دەکەن پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە تەنیا پرۆسەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەمەش بە هەڵەداچوونێکی گەورەی هەردوو لایەنی گۆڕان و کۆمەڵ پیشاندەدات، لەبەر ئەوەی یەکەم ئەم پرۆسەیە پرۆسەی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستانە، دووەم ئەم عینادی و تەعەنووتەی ئەوان خزمەت بە دوژمنانی کوردستان دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا لە بەغداوە بە قەڵەم و بە چەك وەك گرووپەکانی قەیس غەزعەلی و مالیکی و مەهدی موهەندیس کە هەڕەشە لە کوردستان دەکەن، بۆیە من سەرم لەوە سوڕماوە و زۆر لەخۆم دەپرسم و دەڵێم، بڵێی لەناو هەردوو لایەنی کۆمەڵ و گۆڕان کەسێکیان نەبێت ئاقڵانە بیربکاتەوە، بەڵام پێدەچێت ئەمانە ئاخرشەڕ بن، چاویان ئەم پرۆسە پیرۆز و جوانە بۆ سەربەخۆیی نابینێت و دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە بە ئاقارێکدا بەرن کە دوژمنانی کوردستان بڵێن کورد ناتوانێت ناوماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەوان دووچاری زەرەرێکی گەورە دەبن و لە مێژووی سیاسیی خۆیاندا ئەو شکستە تۆمار دەکەن و ئێستاش ڕوویان لەو شکستە کردووە و دەتوانم بڵێم جەماوەری خۆشیان بەو هەڵوێستەی سەرکردەکانیان رازی نین.

*** باست لە عیناد و تەعنوتی بزووتنەوەی گۆڕان کرد، ئایا پێتوانییە کە بەشێك لەم عینادییەی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ موراعاتی گۆڕان لەلایەن یەکێتی و نەرمی نواندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە بەشێکی زۆری ئەو عینادییە دەگەڕێتەوە بۆ موراعاتی یەکێتی بۆ گۆڕان و نەرمی نواندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوان بەو جۆرە سەیری خۆیان دەکەن ئەگەر ئەو دوولایەنە زۆر چوونە لایان وەك لاوازی بەرامبەر سەیری دەکەن و ئێستا ئەوان زۆر پێویستیان بە گۆڕان و کۆمەڵ هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەمە گەورەیی پارتی و یەکێتی دەردەخات و ئەوە پیشاندەدات ئەم دوو حزبە چەند بە لێبووردەیی و دڵفراوانییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە دەکەن و دەیانەوێت هەموو لایەك لەم پرسە گرنگ و مێژووییەدا بەشداری بکات، بەڵام بەداخەوە ئەوان بەوجۆرە ئەو هەڵوێستانە ناخوێننەوە.بۆیە من پێشبینی دەکەم لە هەڵبژاردنی داهاتوودا خەڵکی کوردستان سزای گۆڕان و کۆمەڵ دەدات و جارێکی دیکە ئەو دەنگانەی پێشتر ناهێننەوە. بەتایبەتیش دوای ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆم سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، ئیدی ئەوان ناتوانن خەڵك وەك رابردوو چەواشە بکەن.

*** ئەو ژینگە سیاسییە نالەبارەی بەهۆی سیاسەتی هەڵەی گۆڕان لە سلێمانی دروست بووە، بۆتە هۆکاری ئەوەی ئێستا لەو شارەدا گرووپێك دروست بێت کە بانگەشە دژی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، پرسیار ئەوەیە ئایا چیمان لە عێراق دەست کەوتووە کەوا ئەو تاقمە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن؟**





- من ئومێد دەخوازم هەتا رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو ئەو تاقمە سەرلێشێواوە هۆشیان بێتەوە و بێنەوە بەرەی گەلی کوردستان و دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن، زۆر بەداخەوەم خەڵکانێك هەبن لە کوردستان بژین و ئاوا بیربکەنەوە، بۆیە ئەگەر بە هۆش خۆیان نەیەنەوە ئەوا زەرەرمەندی گەورە دەبن و پاشانیش مێژوو رەحم بە کەس ناکات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە ئەو پرسیارەی کردت زۆر راستە، باشە با پێمان بڵێن، ئێمە چیمان لە عێراق دەستکەوتووە وا ئەوان دژی سەربەخۆیی کوردستانن؟ بۆیە دەبێت ئەوەیان بیربخەینەوە کە بە درێژایی مێژوو بە جیاوازی هەموو حکومەتەکانی عێراقەوە بەشی خەڵکی کوردستان لەگەڵ عێراق بریتی بووە لە ئەنفال و کیمیاباران و راپێچکردنی لاوەکانمان بۆ بەندیخانە و لە سێدارەدانیان بووە، ئێستاش ئەگەر لەگەڵ عێراق بمێنینەوە، هەمان چارەنووسمان دەبێت و هەمان کارەساتەکانی رابردوو دووبارە دەبنەوە.


*** ئایا ئەو خەڵکانە لەناو کەرکووکیش بوونیان هەیە کە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن؟**

- لە کەرکووکدا ئەو جۆرە خەڵکە کاریگەری نابێت، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا خەڵکی کەرکووك دەنگی بە گۆڕان نەداوە، بۆیە ئەوان لای کەرکووکیان کاڵبوونەتەوە، بۆیە ئەوان لەوانەیە بتوانن کاریگەری لەسەر هەندێك کەسی کەمی لایەنگری خۆیان بکەن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر خەڵکی کەرکووك نابێت.

*** با دوایین پرسیارمان ئەوە بێت، ئایا لە ئێستاوە هەتا ٢٥ی ئەیلوول، د.سیروان چۆن ئامادەکاری بۆ رۆژی گشتپرسی دەکات؟**

- خۆتان دەزانن، مردن و ژیان بەدەست خوایە، بۆیە زۆر خەمی ئەوەمە رۆژی ٢٥ی ئەیلوول نەبینم، بۆیە من حەزم دەکرد ئەمڕۆ ٢٥ی ئەیلوول بوایە بۆ ئەوەی بچوومایە دەنگم بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدایە، من ئومێدی ئەوە دەخوازم کە کۆمسیۆنی باڵا رێگەم بدات بە خوێنی خۆم بنووسم بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، هەروەها حەزدەکەم بڕیارێك دەربچێت دوای دەنگدانمان بە بەڵێ هەر دیکیۆمێنتێك پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، بیسووتێنن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات لە عێراق رزگارمان بێت، هەروەها داوا دەکەم لە ئەمڕۆوە هەموو کەسێك لەسەر ماڵەکەی خۆی ئاڵای کوردستان هەڵبکات، وەك پێشوازی لە رۆژی گشتپرسی کە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتووە.

**خەڵکی کەرکووک بە شێوەیەکی گشتی بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە خوازیاری ئەوەن کەرکووک بگەڕێتەوە سەر کوردستان و بەشێک بێت لە دەوڵەتی کوردستان**



# قازانجەكانی عێراق له سەربەخۆیی كوردستان


زۆرجار تیشك دەخەینە سەر ئەوەی بۆ كوردستان باشترە سەربەخۆ بێت و لە عێراق جیا ببێتەوە، ئەمەش تەنیا لە بەرژەوەندی كوردستان نییەو ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین سەربەخۆیی كوردستان چەند لە قازانجی كوردستانە، دوو ئەوەندە لە قازانجی عێراقدایە، تەنیا كالفامی سیاسی و شۆڤێنییەكانی عێراق كە كوێرانە بەرگری لە یەكپارچەیی خاكی عێراق دەكەن، ئەو راستیە نابینن. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە چەند خاڵێك بە كورتی دەخەینەڕوو كە لە داهاتودا بە شێوەی لێكۆڵینەوەیەكی تێروتەسەل و بە زانیاری وردترەوە بڵاوی دەكەینەوە:

١. لەوەتەی دەوڵەتی عێراق چێ بووە، ئەم دەوڵەتە خاوەنی سەروەری و سەربەخۆیی نییە و دەستی دەرەكی بە راست و بە چەپ دەستكاری ژیانی سیاسی ئەم وڵاتە دەكات، پێ دەچێ ئەجیندایەك لە كاردا بێت كە هەر دەساڵ جارێك گۆڕانكاری گەورەو بنەڕەتی لەم دەوڵەتەدا بهێنێتەدی. ئەگەر سەرنج بدەین عێراق لە ساڵی (١٩٢١) دامەزرا لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی بەریتانیا تا ساڵی (١٩٣٢) پاشان لە بن ئینتیدابی بەریتانیادا مایەوە، جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان ساڵەكانی (١٩٣٩-١٩٤٥) بەردەوام بوو پاشان سیستمی حوكمڕانی لە ساڵی (١٩٥٨) لە پادشایەتییەوە بووە كۆماری، زۆری نەبرد لەبەر ئەوەی گەلی كورد ئەو ئومێدەی بە سیستمی كۆماری هەیبوو لەبارچوو، شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١) سەری هەڵداو بەرهەمەكەی بەیاننامەی ئازاری (١٩٧٠)ی لێ كەوتەوە، پاشان ساڵی (١٩٨١) عێراق دەستی كرد بە شەڕێكیماڵوێرانكەر لەگەڵ ئێراندا، ئەوجا ساڵی (١٩٩٠) پەلاماری دەوڵەتی كوەیتی دا و لە (١٩٩١) دا بە فیعلی كوردستان جیابووەوە لە عێراق، ئەو بارودۆخە بەردەوام بوو تا ساڵی (٢٠٠٣) و هەرەسهێنانی سیستمی سیاسی لە عێراق و دامەزراندنی سیستمی بەناو فیدراڵی لە ساڵی (٢٠٠٥)، ئەمجارە لەبەر زوڵم و ستەم و نایەكسانی، سوننەكانی عێراق چوونە پاڵ دەوڵەتی داعش كە لە ساڵی (٢٠١٤) دا سەری هەڵدا، خەڵكی كوردستانیش بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی داوە لەبەر ئەوەی دەستوورە فیدراڵییەكەی عێراق جێبەجێ نەكراو پرەنسیپی هاوبەشی لە حوكمڕانی و رەچاوكردنی مافی كەمینە جێبەجێ نەكرا و كوردستان لە بری هەڵبژاردنی رێگەی توندوتیژی و شەڕ و ئاشوب رێگەیەكی دیموكراتییانەو ئاشتییانەی گرتۆتەبەر كە گشتپرسیە بۆ سەربەخۆیی، تاوەكو كوردستان و عێراق وەك دوو هاوسێی سەلار بە ئارامی مامەڵە بكەن و بەرژەوەندی هاوبەش پێكەوەیان ببەستێتەوە، بێگومان گشتپرسی وەك بژاردەیەكی ئاشتییانە لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە زۆر لەو بژاردەیە باشترە كە زۆربەی سوننەكانی عێراق هەڵیانبژارد.

٢. پاش سەربەخۆیی كوردستان دەوڵەتی عێراق دەتوانێت بە شێوەیەكی تەندروست و ئاسایی ئاوێتە بێت لەگەڵ كەشوهەوای وڵاتە عەرەبییەكان و كەس پێی نەڵێت پشتی چاوت دوو بڕۆیە، چونكە هەروەك ئاشكرایە ئەم سەردەمە سەردەمی دەوڵەتی كیشوەرییە و دەوڵەتان خۆیان دەخونجێننە نێو هاوپەیمانێتییە زەبەلاحەكان وەك

**مامەڵەکردنی عێراق لەگەڵ کیانێکی نێودەوڵەتی کە دەوڵەتی کوردستانە زۆر باشتر و ئاسانتر دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمێک کە وەک دەوڵەتێکی دیفاکتۆ ناسراوە لە ناوچەکەدا**

**کە نەتەوەی کورد بە بەشێکی زۆری ئاشووری و کلدانی و تورکمانەکانەوە سەربەخۆیی راگەیاند لە عێراق ئەو کاتە تەنیا فرەمەزهەبی لە عێراق دەمێنێتەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتە ئاسانتر دەبێت بۆ عێراق**





**د. ڕێبین سەلام**

**مامۆستا لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی / هەولێر**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

یەکێتی ئەوروپا، یەکێتی ئەفریقا، وڵاتانی کەنداو و...هتد.

٣. لە بری خەرجکردنی وزە و تواناکانی دەوڵەتی عێراق بۆ دژایەتیکردنی بەشێك لە گەلەی خۆی کە خەڵکی کوردستانە، ئەو توانایانە ئاراستە دەکرێت بۆ پێشخستنی پێکهاتەکانی عێراق لە داهاتوودا، چونکە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق دژایەتی پێکهاتەیەتی سەرەکی کردووە کە بە هەردوو دیوەکەدا زیان بەر خۆی کەوتووە واتە بە بردنەوە و نەبردنەوەی شەڕ دژی کوردستان هەر دەوڵەتی عێراق لە کۆتاییدا وەك دەوڵەت زەرەرمەند بووە.

٤. لە کۆڵ بوونەوەی یەکێك لەو هەمەچەشنەییانەی کە دەوڵەتی عێراق لەوەتەی دامەزراوە پێوەی دەناڵێنێت، ئەویش فرەنەتەوەییە، کە نەتەوەی کورد بە بەشێکی زۆری ئاشووری و کلدانی و تورکمانەکانەوە سەربەخۆیی ڕاگەیاند لە عێراق ئەو کاتە تەنیا فرەمەزهەبی لە عێراق دەمێنێتەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتە ئاسانتر دەبێت بۆ عێراق.

٥. پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە کە هەندێك جار بە هۆی پشتیوانیکردن لە شۆڕشی کوردستان لەمەوبەرو ئێستاش بە بۆنەی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەك دەوڵەتێك عێراقی نیگەران کردووە.

٦. گەڕانەوەی (١٧٪)ی داهاتی عێراق بۆ عێراق بێ هیچ گلەیی و گازندەیەك لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، سەرەڕای وەرگرتنەوەی سەرجەم ئەو پۆست و پلە و پایە ئیدارییانەی کە وەك پشکی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بۆ کورد تەرخانکراوە.

٧. پێکهاتە نوێیەکانی نێو پەرلەمانی عێراق پتر دەگونجێن پێکەوەو بڕیارو یاسا لە پەرلەمانی عێراقی عەرەبی بە ساناتر دەردەچوێندرێت.

٨. دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە عێراقی نوێ لە یەك پێکهاتە پێك دێت کە نەتەوەی عەرەبە و بەشێوەیەکی ڕژد و مکوڕ بڕیاری خۆی دەدات بێ ئەوەی ناچار بێت هەستێت بە لاوانەوەی نەتەوایەتی و دووچاربوون بە هەستیاری فرە نەتەوایەتی لە عێراقی عەرەبیدا.

٩. مامەڵەکردنی عێراق لەگەڵ کیانێکی نێودەوڵەتی کە دەوڵەتی کوردستانە زۆر باشتر و ئاسانتر دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمێك کە وەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆ ناسراوە لە ناوچەکەدا.

١٠. گواستنەوەی ئەرکی پاراستنی سنوورێکی دوورو درێژ لە سەرشانی دەوڵەتی عێراق بۆ سەرشانی دەوڵەتی کوردستان کە سنووری وڵاتی تورکیا و بەشێکی وڵاتی ئێران و بەری باکووری ڕۆژئاوای عێراق دەگرێتەوە.


١١. چارەسەرکردنی کێشەی سوننەکانی عێراق ئاسانترە کاتێك کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەو کاتە عێراقی عەرەبی دەتوانێت فیدراڵییەك پێك بهێنێت و هەرێمێکی سوننی هەبێت لە بری هەرێمی کوردستان.

١٢. دەستکراوەیی زیاتری حکومەتی مەرکەزی بە پێدانی پێکهاتەی سوننە چەندین پۆستی ئیداری و سەربازی کە بۆ کورد تەرخانکرابوون.

ئەمانەو چەندین خاڵی ئەرێنیی دیکە کە عێراقی نوێ قازانجی لێ دەکات بەهۆی سەربەخۆبوونی کوردستانەوە.

**لە بری خەرجکردنی وزە و تواناکانی دەوڵەتی عێراق بۆ دژایەتیکردنی بەشێک لە گەلەی خۆی کە خەڵکی کوردستانە، ئەو توانایانە ئاراستە دەکرێت بۆ پێشخستنی پێکهاتەکانی عێراق لە داهاتوودا، چونکە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق دژایەتی پێکهاتەیەتی سەرەکی کردووە کە بە هەردوو دیوەکەدا زیان بەر خۆی کەوتووە**


**گشتپرسی وەک بژاردەیەکی ئاشتییانە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە زۆر لەو بژاردەیە باشترە کە زۆربەی سوننەکانی عێراق هەڵیانبژارد**




ستێڤن بیدڵ تایبەتمەندی کاروباری نێودەوڵەتی گوڵان:

# لە عێراقدا هەلومەرجێک لەئارادایە کە بێ متمانەیی باڵی بەسەردا کێشاوە

## دەستێوەردانی ئێران بارودۆخی سیاسیی عێراقی ئاڵۆز کردووە



**ستیڤن بیدڵ توێژەری باڵایە لە بواری سیاسەتی بەرگری لە ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی جۆرج واشینتۆن. لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە تیمی هاوبەشی هەڵسەنگاندنی ستراتیژی ژەنەڕاڵ پەترایۆس لە بەغدا کاری کردووە، هەروەها راوێژکاری باڵای تیمی هەڵسەنگاندنی فەرماندەیی ناوەندی ژەنەڕاڵ پەترایۆس بووە لە واشنتۆن لە ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩دا. لە میانەی دیمانەیەکدا کە تەوەرەکانی بریتی بوون لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی عێراق و پرسی حوکمڕانی و دابەشکردنی دەسەڵات لەم وڵاتەدا، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خۆی خستەڕوو.**

*** با لە پرسیارێکی گشتییەوە دەست پێبکەین، چۆن لە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟**

- لە راستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت درێژەکێشانی ئەو کێشانەیە کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون.

*** ئەی هۆکاری درێژەکێشانی ئەم کێشانە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- من هۆکارەکە بۆ نەبوونی مۆدێلێکی حوکمڕانی دەگەڕێنمەوە کە جێی رەزامەندی بەشێکی بەربڵاوی خەڵك بێت، وەك ئەو مودێلە حوکمڕانییە خراپەی لە عێراق و سووریادا بەدی دەکرێت.

*** ئەی چۆن لە پرسی داڕووخانی دەسەڵات و دامەزراوەکانی دەوڵەت دەڕوانێت لە هەندێ وڵاتی ئەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی لە دوای هاتنەئارای بەهاری عەرەبی؟**


- ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مۆدێلی حوکمڕانیی پێشوو، ئەوا ئەمانە مۆدێلی دەوڵەتێکی پۆلیسی بوون کە لە رێی سەرکوتکارییەوە سەقامگیرییان دەپاراست، ئەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، بەڵام لە کۆتاییدا نارەزایەتی خەڵك تەقییەوەو ئەو حکومەتانەش شکستیان هێنا، کە هێشتا سیستمێکی دیکەی حوکمڕانییش جێیَ نەگرتوونەتەوە، کە تاوەکو بونیادێکی حوکمڕانییش جێیان نەگرێتەوە کە بەشێکی بەربڵاوی خەڵك قبوڵ بکەن، ئەوا کێشە و توندوتیژییەکان بەردەوام دەبن.

*** ئێوە پێشتر لە عێراقدا و لە تیمی هەڵسەنگاندنی ژەنەڕاڵ پەترایۆس کارتان کردووە، چۆن لە ئایندەی عێراق دەڕوانن؟**

- پێموایە باشترین ئومێد بۆ عێراق ئەوەیە رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات بێتەئاراوە کە سەرجەم گروپە ئیتنی و تایفەگەرییەکان رێککەون لەسەر ئەوەی رێز لە مافەکانی یەکتر بگرن و دەسەڵات و داهات لەگەڵ یەکتردا بەش بکەن، هەرچەندە ئەمەش کارێکی زەحمەتە. حکومەتەکەی مالیکی حکومەتێکی سەرکوتکار بوو لە ئاست سوننەکاندا، ئەمەش هۆکارێك نەبوو بۆ باشتربوونی بارودۆخەکە. پێموایە حکومەتەکەی عەببادی تا رادەیەك مەیلی دابەشکردنی دەسەڵاتی هەیە، بەڵام رووبەڕووی کێشەی جددی دەبێتەوە لە پەیوەندی بە هاوسەنگیراگرتنی ناوخۆیی لەگەڵ پارتە شیعەکانی دیکەدا، کە بۆچوون و تێڕوانینی توندتریان هەیە لە ئاست غەیرە شیعەکاندا. بەڵام لە ئێستادا زەحمەتە بزانین ئایا عەببادی سەرکەوتوو دەبێت لە هێنانەئارا و راگرتنی ئەو هاوسەنگییە ناوخۆییە.

*** ئایا گەشبینی بە سەرگرتنی ئەم رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵاتە؟ ئەگەر پرسیارەکەش بە شێوەیەکی دیکە بکەین ئایا بەربەستی سەرەکی لە بەردەم گەیشتن بە رێککەوتنێکی لەم چەشنە لە عێراقدا چییە؟**

- بە بۆچوونی من ئاستەنگی سەرەکی بریتییە لە نەبوونی متمانە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، واتە هیچ یەکێکیان متمانە بەوی دیکە نییە. ئەوەی زیاتر دۆخەکەی ئاڵۆز کردووە لەم رووەوە دەستێوەردانی ئێرانە لە بەرژەوەندیی هەندێ لایەنی شیعە. لەبەر ئەوە کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە لە سەروەختی شەڕێکی ناوخۆیی، وەك ئەوەی لە عێراقدا روویداوە، متمانە نامێنێت و گەڕاندنەوە



**داعش دەرهاویشتەی کێشەکەیە، نەک هۆکارەکەی، ریشەی کێشەکە لە نەبوونی مۆدێلێکی حوکمڕانیدایە کە بواری بەشداریی سیاسی بۆ سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بڕەخسێنێت**

**حکومەتی عێراقی دەستڕۆیشتوویی ئێران بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی پارسەنگی و هاوسەنگییەک لەگەڵ ئەمریکادا، مەبەستم ئەوەیە دەیەوێت لە رێی ئەم هاوسەنگییەوە دەستڕۆیشتویی ئەمریکا یان ئێران کەم بکاتەوە**

**ئێران دەیەوێت هێزەکانی حەشدی شەعبی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە چەشنێک ئاراستە بکات کە خۆی دەیەوێت و لە بەرژەوەندیی خۆی بێت**

و بنیادنانەوەی ئەو متمانەیەش کاتێکی زۆری دەوێت. ئێمە دەزانین کە پێش بنیادنانەوەی ئەم متمانەیەش ئەمریکا هێزەکانی لە عێراقدا کشاندەوە، ئەمەش ئەرکێك و تەحەددییەکی یەکجار قورسی خستۆتە سەر شانی سیاسەتمەدارە عێراقییەکان، چونکە ئەوان لە هەلومەرجێکدا حوکمڕانی دەکەن کە بێ متمانەیی باڵی بەسەردا کێشاوە.

*** باست لەوە کرد کە بەر لە دروستبوونی متمانە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا ئەمریکا هێزەکانی لەم وڵاتەدا کشاندەوە، ئایا هەڵگرتنی هەنگاوەکانی بنیادنانەوەی متمانە لە عێراقدا پێویست بە جێگیرکردنی هێزێکی ئەمریکی دەکات لەم وڵاتەدا؟**

- باوەڕم وایە سوپای ئەمریکا دەتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت ئەگەر حکومەتی عێراق بیەوێت، بەڵام پێموایە باشترین رۆڵ کە ئەمریکا بتوانێت بیبینێت لەم رووەوە- کە دەبێت ئەویش لە شێوەی هێزی ئاشتیپارێزدا بێت- بریتییە لە هاوکاریکردن بۆ دووبارە گەڕاندنەوە و بنیادنانەوەی متمانە، کە رەنگە ئەمەش پێویستی بە ژمارەیەکی زیاتری سەرباز دەبێت وەك لەوەی ئەمریکا ئامادەیە بینێرێت.

*** مەبەستتان لەوەیە کە ئەمریکا رۆڵی ناوبژیوانی ببینێت لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا و هاوکار بێت لە پرۆسەی ئاشتەوایی بەتایبەتی لە نێوان شیعە و سوننەدا؟**

- پێموایە پێویستە ئەمریکا ئەو رۆڵە ببینێت و لەو باوەڕەدام ئەمریکا دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەرتر ئەم رۆڵە ببینێت ئەگەر بێتو هێزێکی گەورەی ئاشتیپارێز لە وڵاتەکەدا جێگیر بکات.

*** لە وەڵامەکانی پێشوودا باست لە دەستێوەردانی ئێران کرد بۆ بەرژەوەندی هەندێ لایەنی شیعە کە ئەوە بۆتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئێران توانیویەتی پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە عێراقدا، بەتایبەتی لە رێی بەکارهێنانی میلیشیا شیعەکانەوەو تا چەند کاریگەرە بەسەر پرۆسەی بڕیارسازی و داڕشتنی سیاسەتەوە لە عێراقدا؟**


- بە دڵنیاییەوە ئێران دەیەوێت هێزەکانی حەشدی شەعبی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە چەشنێك ئاراستە بکات کە خۆی دەیەوێت و لە بەرژەوەندیی خۆی بێت. بەڵام ئەوەش راستە کە حکومەتی عێراقی دەستڕۆیشتوویی ئێران بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی پارسەنگی و هاوسەنگییەك لەگەڵ ئەمریکادا، مەبەستم ئەوەیە دەیەوێت لە رێی ئەم هاوسەنگییەوە دەستڕۆیشتویی ئەمریکا یان ئێران کەم بکاتەوە. بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم ئێران لە پێگەیەکدا بێت کە دەرئەنجامێکی سیاسی دیاریکراو بەسەر عێراقدا بسەپێنێت، راستە ئێران بە چەشنێك لە عێراقدا دەستڕۆیشتووە کە جێی رەزامەندی ئێمە نییە. بەڵام لە عێراقیشدا حکومەتێك هەیە کە هاوڕا نییە لەگەڵ سەرجەم سیاسەتەکانی ئێرانداو بگرە کاریگەریی ئەمریکا بەکار دەهێنێت بۆ کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە وڵاتەکەدا.

*** بەڵام پێتوانییە بوونی حەشدی شەعبی دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە یاخیبوونی سوننە دروست ببێتەوە؟**

- بەڵێ، پێموایە و ئەمەش بەشێکە لە کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات، کە ئەگەر بێتوو نەتوانرێت جڵەوی هێزەکانی حەشدی شەعبی بکرێت، ئەوا ترس و نیگەرانی سەرهەڵدانی یاخیبوونی سوننە دێتەئاراوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی سوننەکان کەمتر ئامادەی سازشکردن بن لەسەر سەرجەم ئەو پرسانەی کە پێویستن بۆ هێنانەئارای دەرئەنجامێکی سەقامگیر.

*** ئێوە چەند جارێك ئاماژەتان بە پێویستی گەیشتن بە رێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات کردو بە باشترین دەرئەنجامتان لەقەڵەمدا بۆ ئایندەی عێراق، بەڵا لە هەمان کاتدا چەند بیرۆکەیەکی دیکە خراونەتەڕوو لەم بارەیەوە، وەك دابەشبوونی نەرم و ئیدارەدانی دابەشکردنی عێراق، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە عێراق دابەش بێت بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆ؟**

- ئەگەری دابەشبوونی عێراق لەئارادایە، بەڵام ئەمە دابەشبوونێکی ئاشتییانە نابێت، کێشەکە ئەوەیە بەشە سوننەکە بنکەیەکی ئابووری نییە بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، لەبەر ئەوە سوننە بەرهەڵستی ئەمە دەکات و قبوڵی ناکات. پرسی رێککەوتنی کوردو شیعە، یان دابەشبوونیان مەسەلەیەکی دیکەیە، چونکە زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە سوننە رازی بێت. کە ئەگەر هەموو لایەکیش پێی رازی نەبوون، ئەوا دووچاری شەڕێکی بەردەوام دەبێت.



کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دابەشبوونی کێشە راستەقینەکانی وڵاتەکە چارەسەر دەکات، کە من پێم وانییە چارەسەریان بکات.

*** بە دڵنیاییەوە ئێوە ئاگادارن کە کورد بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی داوە، کە ئاشکرایە کورد و سەرکردایەتی کورد ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەزموونی شەراکەت و فیدراڵی لە عێراقدا شکستی هێناوە و جگە لە رێگەی سەربەخۆیی هیچ رێگاچارەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوە، را و بۆچونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- لە راستیدا من لە تووڕەیی و نائومێدی سەرجەم پێکهاتەکان- بە کورد و عەرەب و شیعەوە- تێدەگەم، چونکە حکومەتی ئێستای عێراق لە چەندین رووەوە کەموکوڕی زۆری هەیە. لەبەر ئەوە پێموایە تاکە چارەسەری ئاشتییانە و سەقامگیر و درێژخایەن بریتییە لە بوونی حکومەتێکی کارا کە لەسەر بنەمای متمانە پێکهێنرابێت کە دەسەڵات دابەش بکات، من پێموایە ئەگەر ئەمە لە بەغدا نەیەتەدی، ئەوا مەترسیی هاتنەئارای شەڕ دێتەئاراوە. کە ئاشکرایە ئێمە خوازیاری ئەوەین حکومەتێکی سەقامگیر بێتەئاراوە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات، لە بری دروستبوونی شەڕ.

*** پێتوایە هەڵوێستی ئەمریکا لە ئاست ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمەدا چی دەبێت؟**

- من پێموایە ئەمریکا بەردەوام هانی عێراقێکی یەکگرتوو دەدات لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات، کێشەکەش ئەوەیە زۆر زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ئایا سەرۆکی ئەمریکا چ هەڵوێستێکی دەبێت و چ بڕیارێك دەدات و هەر هەوڵدانێکیش بۆ مەزەندەکردنی ئەوەی سەرۆك چی دەکات، هەوڵێکی بێهوودە و بێ ئاکام دەبێت. چونکە زۆر بە باشی تاوتوێی بڕیارەکانی ناکات و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بڕیارەکانی دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە وەك رێسایەکی گشتی من دوودڵم لەوەی مەزەندەم هەبێت لەبارەی بڕیار و هەڵوێستەکانیەوە.

*** هەروەك دەزانن بەم دواییە سەرکەوتنی گەورە و بەرچاو بەدیهات لە شەڕ دژ بە داعش لە عێراقدا، بەڵام زۆر کەس پێیانوایە ئەمە کۆتایی شەڕەکە نییەو کێشەکە بەوە چارەسەر نایێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆتاییهێنان بە داعش پێویستی بەوە هەیە لە سووریاش ئەم رێکخراوە تێکبشکێنرێت، کە ئێمە دەزانین ئەوان لە ساڵی ٢٠١٤دا لە سووریاوە هاتن، یاخود دەبێت تەرکیز لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی عێراق بکرێتەوە؟**

- بۆچوونی من ئەوەیە داعش دەرهاویشتەی کێشەکەیە، نەك هۆکارەکەی، ریشەی کێشەکە لە نەبوونی مۆدێلێکی حوکمڕانیدایە کە بواری بەشداریی سیاسی بۆ سەرجەم لایەنە سیاسیەکان بڕەخسێنێت، ئەمە لە بنەڕەتدا هۆکاری هەڵکشانی داعش بوو. داعشیش چارەسەر نەبوو بۆ ئەم کێشەیە، مەبەستم ئەوەیە دەرکەوت کە ئەوانیش خاوەنی مۆدێلێکی حوکمڕانی نین کە بتوانێت بوار بۆ بەشداریکردنی سیاسی و گەشەکردنی ئابووری بەدی بێنێت، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەوەتا خاك لەدەست دەدەن، لەبەر ئەوەی نەیانتوانی بە شێوەیەکی کارا حوکمڕانی بکەن. بەڵام ناشکرێت بڵێین لەبەر ئەوەی مۆدێلەکەی ئەوان سەرکەوتوو نەبووە، ئەوا هەر لە دوای لەناوچوونیان مۆدێلێکی سەرکەوتوو دێتەئاراوە. لەبەر ئەوە من مەزەندەی ئەوە دەکەم کاتێك رەققە رزگار کرا و داعش لەو شارەدا دەرکرا، ئەوا شەڕێکی ناوخۆیی دێتەئاراوە.

*** کەواتە پێتوایە تەنیا تەرکیزکردن لەسەر لایەنی سەربازی سەرکەوتنێکی کورتخایەن و لەرزۆکی لێدەکەوێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە.

*** واتە هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێت ئەمە هاوشان بێت بە چارەسەرێکی سیاسی درێژخایەن؟**


- ئەوەش راستە، بەڵام ئێمە نازانین لەم ساتەوەختەدا ئەو چارەسەرە سیاسییە درێژخایەنە چۆن دەبێت.

*** وا دیارە جۆرێك لە رەشبینیت پێوە دیارە لەبارەی ئەوەی ئەم شەڕە بەم زووانە کۆتایی پێ بێت؟**

- ئەمە راستە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەمە بەندە بە بڕیاری عێراقییەکانەوە، چونکە دەبێت خەڵکەکە بڕیار بدات لەبارەی ئەوەی چ مۆدێلێکی حوکمڕانی سەرکەوتوو و کارایە. واتە ئەگەر خەڵکێکی زۆر لە عێراقدا بەردەوام بە گومان و بێمتمانەییەوە لە یەك بڕوانن و پێداگیری بکەن لەسەر گرتنەبەری رێگای خۆیان لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەوانی دیکە رێز لە مافەکانیان ناگرن، ئەو کاتە دوچاری شەڕ دەبن لەگەڵ یەکدا.

**حکومەتەکەی مالیکی حکومەتێکی سەرکوتکار بوو لە ئاست سوننەکاندا، ئەمەش هۆکارێک نەبوو بۆ باشتربوونی بارودۆخەکە**


**ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مۆدێلی حوکمڕانیی پێشوو، ئەوا ئەمانە مۆدێلی دەوڵەتێکی پۆلیسی بوون کە لە رێی سەرکوتکارییەوە سەقامگیرییان دەپاراست، ئەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، بەڵام لە کۆتاییدا نارەزایەتی خەڵک تەقییەوەو ئەو حکومەتانەش شکستیان هێنا**




# بۆچی دەبێت کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟

## وەڵامێک بۆ ئەوانەی چاویان
## بە شکۆی نیشتمانی خۆیاندا هەڵنایەت









**ئەمری واقیعی دەوڵەتی کوردستان بۆتە ئامانجی هەرە سەرەکیی شەڕی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئەگەر هەر دەسەڵات و دەوڵەت و لایەنێک دژی ئەم ئامانجە هەڵوێست وەربگرێت، ئەوا شەڕێکی جیهانی وەک شەڕی دژی داعش رووبەڕووی دۆڕاندنێکی گەورەی دەکاتەوە و سەرهەڵدانی دەیان گرووپی هاوشێوەی داعش لە ناو رادیکاڵیەتی توندڕۆی ئیسلامی (سوننە و شیعە) دروست دەبێت و ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەخاتە بەر مەترسییەکی ئەوتۆ کە چارەسەرکردنی مەحاڵ دەبێت**

**هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە زۆر باش ئەو راستییە دەزانن، ئەگەر لەو خەتە لابدەن کە حکومەتی عەبادی وەک تاڵە موویەک هاوپەیمانیی عێراقی لەگەڵ ئەمریکا هێشتۆتەوە، ئەوا عێراقی عەرەبی دەکەوێتە بەرەی ئێران و دژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی**

ماوەیەکە هەندێك پەرلەمانتاری هەرزەکارو بێ ئاگا لە گۆڕانکارییەکانی جیهان لە ماوەی ٢٠١٤-٢٠١٧ کە باس لە پرۆسەی ریفراندۆم دەکەن، پاساوی ئەوە دەهێننەوە، ئەم پرۆسەیەو هەنگاوهەڵگرتن بۆ سەربەخۆیی، ریسکێکی گەورەیە و ئەگەر ئێران و تورکیا سنوورمان لێ دابخەن ئەوا قات و قڕی لەم وڵاتە روودەدات، هەروەها بەغدا بەشە خۆراکی بایعی و دەرمانمان لێ دەبڕێت و پاش ئەوەش حەشدی شەعبی هێرش دەکاتە سەر کەرکووك و بە هاوکاریی ئێران کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك داگیردەکات و لەم حاڵەتەشدا دەوڵەتی کوردستان ئەگەر دروستیش بێت، ئەوا دوای چەند مانگێك دەڕووخێت!!!


بۆ بەرچاوڕوونیی خەڵك و وەڵامدانەوەی ئەو هەرزەکار و کۆڵکە سیاسییانە دەڵێین:

١. هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆ پاراستنی کوردستان دامەزراوە، سەرۆك ئۆباما پێش ئەوەی لە ١٠ی ئابی ٢٠١٤ فەرمی بڕیار بدات دەبێتە بەشێك لە شەڕی دژی داعش، هەر دوای هێرشکردنی داعش بۆ سەر کوردستان فەرمانی بە هێزی ئاسمانی ئەمریکا کرد کە لە ئاسمانەوە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن و کوردستان بپارێزن.

٢. ستراتیژیەتی شەڕی دژی داعش کە ئەیلوولی ٢٠١٤ لەلایەن ئەمریکاوە راگەیەندرا، بریتییە لە تێکشکاندن و لە ریشە هەڵکێشانی فیکری داعش (degrade and destroy)، ئەو جوگرافیایەی کرا بە هێڵی پێشەوەی شەڕی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش کوردستان بوو، ئەو هێزەی بووە پێشەنگی سەنگەری تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش هێزی پێشمەرگە بوو، ئەمەش واتە کوردستان بووە پایتەختی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعش و هەر دوای راگەیاندنی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا لە ئەیلوولی ٢٠١٤ هاتە کوردستان و لە هەولێری پایتەخت لەبەردەم مارشی ئەی رەقیبدا سەری رێزی بۆ ئاڵای کوردستان دانەواند، هاتنی سەرۆکی فەرەنسا بۆ هەولێر، واتە هاتنی سەرۆکی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی، لەبەر ئەوەی لە ٢٠١١ـەوە ناتۆ هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ئەنجام دابێت بە سەرۆکایەتی فەرەنسا بووە، هەروەها هاتنی سەرۆکی فەرەنسا بۆ هەولێر، واتە هێنانی ڤیتۆی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی کوردستان.

٣. لەدوای راگەیاندنی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەر بڕیارێکیان بۆ شەڕی دژی داعش دابێت، ئەوجا ئەو بڕیارە تایبەت بووبێت بە شەڕی دژی داعش لە عێراق یا سووریا، بڕیارەکە لە کوردستانەوە دراوە، هەر ئاستەنگ و کۆسپێکیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دروست کرابێت، ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئەو ئاستەنگ و کۆسپانەی لابردووە. لە بیرتانە کاتێك داعش هێرشی کردە سەر کۆبانێ و نزیکەی ٨٥٪ شاری کۆبانێی داگیر کردو هەر ئەو کاتیش رەجەب تەیب ئەردۆگان (سەرۆکی تورکیا) رایگەیاند کۆبانێ کەوتە دەستە داعش و تەواو بووە، لەو کاتەدا کە هیچ سەرۆك دەوڵەتێکی ناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لەو بڕوایەدا نەبوو، جارێکی دیکە کۆبانێ لەدەستی داعش دەربهێنرێت و هەموو هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەستەوەستان بوون کە پێشڕەوییەکانی داعش بۆ سەر کۆبانی رابگرن، لەو کاتەدا سەرۆکی کوردستان داوای لەپەرلەمانی کوردستان کرد، بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ پەسەند بکات، پاش پەسەندکردنی بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ، بۆ گەیشتنی پێشمەرگە بە کۆبانێ، پێوست بوو بە خاکی تورکیادا تێپەڕێت، تورکیا چەندی پێی کرا، دژایەتی ئەوەی کرد کە پێشمەرگە بە ئاڵای کوردستانەوە بەناو خاکی تورکیا بچێتە کۆبانێ، بەڵام بینیتان چۆن تورکیا رازی بوو، هەروەها بینیشتان چۆن پێشمەرگە لەناو خاکی تورکیادا لەلایەن کوردانی باکوورەوە پێشوازی لێکراو پاشانیش بینیتان چۆن کۆبانێ ئازادکراو پێشمەرگەکانیش جارێکی دیکە بەناو خاکی تورکیادا گەڕانەوە بۆ کوردستان.

٤. لەدوای گرتنەوەی زوممار و بەنداوی موسڵ و چیای شنگال، ئەوجا ئەمریکا



بیری لەوە کردەوە کە شێوازی هاوکاریکردنی پێشمەرگە بکاتە شێوازێك بۆ یارمەتی ئەو هێزانەی کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و سووریا شەڕی دژی داعش دەکەن، هەروەها هەوڵیدا لەسەر شێوازی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە عێراق و سووریا هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە دروست بکات، بۆ ئەوەی لەسەر زەوی شەڕی دژی داعش بکات، بەڵام لەم ئەزموونە سەرکەوتوو نەبوو، نەیتوانی لە عێراق و سووریا هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە دروست بکات، تەنانەت لە هاوکارییەکانی بۆ هێزە چەکدارەکانی رۆژئاوا، مەرجی ئەوە بوو کە دەبێت ناوی خۆیان لە یەپەگەوە بگۆڕن بۆ هێزی سووریای ئازاد، نەك وەك پێشمەرگەی باشووری کوردستان ببنە سوپایەك بۆ پاراستنی خاکی کوردستان.

٥. لە تەموزی ٢٠١٦ هەر لە سەردەمی سەرۆك ئۆبامادا، لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن ئیمزا کرا، لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ رێککەوتنی سەربازی بە ناوبژیوانی و چاودێریی ئەمریکا لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ ئیمزا کرا، لە ٢٠ی دیسەمبەری ٢٠١٦ سەرۆکی کوردستان رزگارکردنی تەواوی خاکی کوردستانی لە چوارچێوەی رێککەوتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ راگەیاند، تەنیا دوو هەفتە دوای ئەم رووداوە جارێکی دیکە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا سەردانی کوردستانی کرد و لەگەڵ سەرۆك بارزانی چوونە دوایین سەنگەری پێشمەرگە لە باشیك، ئەمەش مانای ئەوە بوو جارێکی دیکە فەرەنسا پەیامی ناتۆ و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش و ڤیتۆی ئەنجومەنی ئاسایشی هێنا بۆ کوردستان بۆ ئەوەی بە جیهان بڵێت، قۆناخی یەکەمی ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە کوردستانەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

٦. لەو کاتەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەست بەکار بووە، ئەگەر سەیری ئەجیندای سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بکەین، بێجگە لە پشتگیریی هێزی پێشمەرگەو پاراستنی کوردستان، هیچ ئەجیندایەکی لە ئیدارەی ئۆباما ناچێت، بەڵام بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت، ئەو ستراتیژیەتەی ئیدارەی ئۆباما لە ١٠ی ئابی ٢٠١٤ بەرامبەر پێشمەرگە و کوردستان پیادەی کردووە، ئەو سیاسەتە بەردەوام دەبێت و زیاتریشی دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە پشتگیریی پێشمەرگەو پاراستنی کوردستان ئەو هێڵە سوورەیە کە هیچ هێزێك ناتوانێت دەستکاری بکات، هەر دەستکارییەکی ئەم ئامانجە بکرێت، مانای ئەوەیە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش شەڕەکە دەدۆڕێنێت و ڤێتنامێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، هەر هەموویان بە دیکۆمێنتی فەرمیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئەمریکا پشتڕاست کراونەتەوەو هەمووشیان بە دیکیۆمێنت لەبەر دەستن، هەموو ئەم خاڵانەش بوونە مەرجی پێشینەی رێزلێگیراو بۆ هەر هەوڵێك کە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی عێراق و ناوچەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەخرێنەگەڕ، بەڵام بەپێی ئەو پێشنیار و هەوڵانەی هەتا ئێستا بۆ رێکخستنەوەی عێراق و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوکراونەتەوە، دووخاڵی گرنگ کراوەتە ئەولەوییەت کە ئەوانیش بریتین لە:


١. دوای شەڕی دژی داعش، باشترین ناوچە کە بکرێتە دەستپێك بۆ دووبارە رێکخستنەوەی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست عێراقە.

٢. دەبێت ئەمری واقیعی دەوڵەتی کوردستان وەك خۆی بپارێزرێت و تێکەڵی رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق نەکرێت، دوای ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقی عەرەبی لەنێوان عەرەبی شیعە و سوننە رێکدەخرێتەوەو دەبێتەوە بە دەوڵەتێکی دیموکراتی و سەقامگیر، ئینجا پرۆسەی دیالۆگ و دانوستاندن لەنێوان عێراق و کوردستان دەست پێبکات بۆ ئەوەی هەردوولا خۆیان بڕیار لە پەیوەندی ئایندەی نێوان کوردستان و عێراق بدەن.

ئەگەر لەبەر رۆشنایی ئەم زانیارییانە کە بۆ هەر کەسێك لەبەردەستە ئەگەر مەبەستی بێت، پێگەی ئەمری واقیعی کوردستان بە واقیعییانە و بێ لایەنانە بخوێنینەوە، پاشان

**هێندەی ئێران پێویستی بەوەیە خۆی وەک دۆستی کوردستان پیشان بدات، هیچ وڵاتێکی دیکە هێندە پێویستی بە کوردستان نییە، بۆیە ئەو هەرزەکارانەی پێیانوایە ئێران گوشار دەخاتە سەر کوردستان و سنوور دادەخات، ئەوا نیشانەی بێ ئاگایی و نەشارەزاییانە، لەبەر ئەوەی ئێران خۆی زۆر باش دەزانێت، ئەگەر ئەم هەنگاوە دژی کوردستان هەڵبگرێت، ئەوا خۆی دووچاری خۆکوژی سیاسی و دیپلۆماتی دەکات**

**کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە هاوکێشەکەدا وا خۆی نمایش دەکات کە زۆر دژی ریفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، بەڵام لە هەر دەوڵەتێکی دیکە زیاتر پێویستی بەوەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان باش بێت، ئەوجا کوردستان وەک ئێستا دەوڵەتی ئەمری واقیع بێت، یاخود سبەی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ**



**بناخەی دروستبوونی ئەم پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەی نێوان تورکیا و کوردستان، بەرهەمی بیرکردنەوەو لۆژیکی حکومەتی تورکیا، یان پارتی دادو گەشەپێدان نییە، بەڵکو ئەمە بەرهەمی پرۆژەیەکی نێودەوڵەتییە کە تورکیای گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە تورکیا ئاستی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ کوردستان بگۆڕێت بۆ پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماتی**


**تورکیا ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشە و دەشزانێت ئامانجی سەرەکیی هاوپەیمانیی دژی داعش پاراستنی کوردستانە، بۆیە تورکیا لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی سیاسەتی لۆکاڵی خۆی هەندێک لێدوان رادەگەیەنێت، بەڵام وەک دەوڵەت کارێک ناکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان درز و کەلێنی گەورەی تێ بکەوێت**

لەو پەرلەمانتارە هەرزەکار و کۆلکە سیاسییانە بپرسین، ئایا سووریا و عێراق و تورکیا و ئێران لەم هاوکێشە تازەیەدا چۆن کوردستان دەبینن و پاشانیش کوردستان دەبێت چۆن سەیری ئەم دەوڵەتانەی چوار دەوری خۆی بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك دەدەینەوە:

- کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە هاوکێشەکەدا وا خۆی نمایش دەکات کە زۆر دژی ریفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، بەڵام لە هەر دەوڵەتێکی دیکە زیاتر پێویستی بەوەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان باش بێت، ئەوجا کوردستان وەك ئێستا دەوڵەتی ئەمری واقیع بێت، یاخود سبەی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هۆکاری ئەمەش زۆر راشکاوانە دیارە، کۆماری ئیسلامی کە تاکە دەوڵەتە گەورەترین رۆڵی لە شەڕی دی داعشدا گێڕاوە، بەڵام ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش نییە، هۆکاری ئەندام نەبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو هاوپەیمانییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، دیاردەی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش وەك دەرهاویشتەی سیاسەتی شیعەگەرایی ئێران سەیر دەکات، تەنیا رێگەیەك کە ئێران ماوەی سێ ساڵە دەیەوێت ئەو تۆمەتە لەسەر خۆی رەتبکاتەوە، پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ کوردستان، لەچەندین کۆڕو کۆبوونەوەشدا، وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ پاکانەکردنی لەوەی ئەوان شەڕی دژی داعش دەکەن، نەك شەڕی شیعە و سوننە، پەنای بۆ ئەوە بردووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران یەکەم دەوڵەت بووە کە هاوکاریی کوردستانی کردووە لەو کاتەی داعش هێرشی کردۆتە سەری، بۆیە ئەگەر ئێران نەك هەوڵبدات دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بکات، تەنانەت ئەگەر بە فەرمی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان تێکبدات، بە تەواوەتی دەکەوێتە بەرەی دژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە بنەڕەتدا هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆ پاراستنی کوردستان دامەزراوە، ستراتیژیەتی لە ریشەهەڵکێشانی فیکری داعش و تێکشکاندنی داعشیش، لەسەر ئەو بنەمایە دارێژراوە بەوەی پێویستە ژینگەی




سیاسیی کوردستان و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە بۆ دەوڵەتانی داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆپی بکەنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هێندەی ئێران پێویستی بەوەیە خۆی وەك دۆستی کوردستان پیشان بدات، هیچ وڵاتێکی دیکە هێندە پێویستی بە کوردستان نییە، بۆیە ئەو هەرزەکارانەی پێیانوایە ئێران گوشار دەخاتە سەر کوردستان و سنوور دادەخات، ئەوا نیشانەی بێ ئاگایی و نەشارەزاییانە،





لەبەر ئەوەی ئێران خۆی زۆر باش دەزانێت، ئەگەر ئەم هەنگاوە دژی کوردستان هەڵبگرێت، ئەوا خۆی دووچاری خۆکوژیی سیاسی و دیپلۆماتی دەکات.

● تورکیا بە حوکمی ئەوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە هاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوایەو ئەندامی ناتۆیە، لە هەر دەوڵەتێکی دیکە باشتر هەنگاوەکانی داهاتووی ناتۆ و رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنێتەوە، لە هەمانکاتدا تورکیا ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشە و دەشزانێت ئامانجی سەرەکیی هاوپەیمانیی دژی داعش پاراستنی کوردستانە، بۆیە تورکیا لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی سیاسەتی لۆکاڵی خۆی هەندێك لێدوان رادەگەیەنێت، بەڵام وەك دەوڵەت کارێك ناکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان درز و کەلێنی گەورەی تێ بکەوێت، لەوانەیە هەندێك بێ ئاگا بڵێن، تورکیا بەرژەوەندیی ئابووری لەگەڵ



**ئەگەر سەیری ئەجیندای سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بکەین، بێجگە لە پشتگیریی هێزی پێشمەرگەو پاراستنی کوردستان، هیچ ئەجیندایەکی لە ئیدارەی ئۆباما ناچێت، بەڵام بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت، ئەو ستراتیژیەتەی ئیدارەی ئۆباما لە ١٠ی ئابی ٢٠١٤ بەرامبەر پێشمەرگە و کوردستان پیادەی کردووە، ئەو سیاسەتە بەردەوام دەبێت و زیاتریشی دەکەن**

**لەو کاتەدا کە هیچ سەرۆک دەوڵەتێکی ناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لەو بڕوایەدا نەبوو، جارێکی دیکە کۆبانێ لەدەستی داعش دەربهێنرێت و هەموو هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەستەوەستان بوون کە پێشڕەوییەکانی داعش بۆ سەر کۆبانی رابگرن، لەو کاتەدا سەرۆکی کوردستان داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد، بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ پەسەند بکات**


کوردستان هەیە، بەڵام بناخەی دروستبوونی ئەم پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەی نێوان تورکیا و کوردستان، بەرهەمی بیرکردنەوەو لۆژیکی حکومەتی تورکیا، یان پارتی دادو گەشەپێدان نییە، بەڵکو ئەمە بەرهەمی پرۆژەیەکی نێودەوڵەتیە کە تورکیای گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە تورکیا ئاستی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ کوردستان بگۆڕێت بۆ پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەبێت دوو هاوپەیمانی رۆژئاوا کە (تورکیا و کوردستان)ـن متمانەو پەیوەندیی باش لەنێوانیاندا هەبێت، بۆ ئەمە حکومەتی تورکیا هەوڵیداوە ساڵ لەدوای ساڵ پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ کوردستان بباتە ئاستێکی باڵاتر، بۆیە تورکیا لەگەڵ ئەوەی لە میانەی لێدوانە حکوومییەکانی بەشێوەیەك لە شێوەکان ریفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووك و بەم دواییەش بڕیاردانی کەرکووك بۆ بەشداری لە راپرسی رەتدەکاتەوە، بەڵام رەتکردنەوەی تورکیا لە لێدوان تێپەڕ ناکات و لەگەڵ ئەمری واقیعی کوردستان مامەڵە دەکات، تەنانەت ئەگەر دوای ریفراندۆم کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆش رابگەیەنێت.

● سەبارەت بە حکومەتی عێراق و بەتایبەتیش کابینەکەی د.حەیدەر عەبادی، دیارە د.حەیدەر عەبادی و حکومەتەکەی تاڵە مووی هاوپەیمانیی عێراقە لەگەڵ ئەمریکادا، هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە زۆر باش ئەو راستییە دەزانن، ئەگەر لەو خەتە لابدەن کە حکومەتی عەبادی وەك تاڵە موویەك هاوپەیمانیی عێراقی لەگەڵ ئەمریکا هێشتۆتەوە، ئەوا عێراقی عەرەبی دەکەوێتە بەرەی ئێران و دژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بەڵام بە پابەندبوونی هاوپەیمانی شیعە بەگشتی و تەیاری سەدر بەتایبەتی بۆ حکومەتی عەبادی، ئەوا رۆژ لەدوای رۆژ عێراق لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەناوچەکە نزیك دەبێتەوە، لەسەر هەموشیانەوە عەرەبستانی سعودی.

لەم چوارچێوەیەدا رەفتاری حکومەتەکەی عەبادی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەر چۆنێك بێت، ئەمە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نابێت و عەبادی پێش هەر سەرکردەیەکی عێراقی زۆر باش دەزانێت، کە جارێکی دیکە کوردستان بەشێك نابێت لەناو دەوڵەتی عێراقدا، یان لە باشترین حاڵەتەدا بەشێك نابێت لە عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و پەرلەمانی، هەروەها دەشزانێت کە پەرلەمانی عێراق ئەو دەسەڵاتەی لێ سەندراوەتەوە کە بڕیار و یاسا بۆ هەرێمی کوردستان دەربکات و راشکاوانەتر کوردستان ئەو مافەی پێدراوە کە سەرپشك بێت لەوەی بڕیار و یاساکانی پەرلەمانی عێراق جێبەجێ دەکات، یاخود رەتی دەکاتەوە، د.حەیدەر عەبادی-یش راشکاوانە ئەمەی نەشاردۆتەوە.

کێشەی د.حەیدەر عەبادی لەگەڵ شێوازی پەیوەندی و مامەڵەی بەغدا نییە لەگەڵ هەولێر، بەڵکو کێشەی سەرەکیی عەبادی لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقە بە شیعە و سوننەوە کە ناتوانێت بەو زمانە تازەیەی پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراقی پێ رێکخراوەتەوە، بەهەمان زمان راشکاوانە لەحزب و لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە و سوننە قسە بکات، بۆیە ئێستا د.حەیدەر عەبادی هەمان کێشەی حکومەتەکەی ئەردۆگانی پێش ٢٠٠٩ی هەیە کە نەیدەتوانی بە زمانی تازەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و تورکیا راشکاوانە لەسەر ئاستی ناوخۆ قسە بکات.

کەواتە لەم قۆناخەی پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق، هەردوولا پێویستیان بە پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی متمانە لەنێوان کوردستان و عێراق دروست بکاتەوەو لەسەر بنەمای ئەم متمانەیە کۆمەڵێك پەیوەندیی سەربازی و بازرگانی و ئابووری لەنێوان عێراق و کوردستان دروست بکاتەوە، پاشان لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییانە عێراق و کوردستان بگەنە رێککەوتنێك لەسەر پەیوەندیی داهاتوویان، بۆ ئەمەش د.حەیدەر عەبادی توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر باش حزب و لایەنە سیاسییەکانی شیعە بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە نەك هەر دەبێت ئەمری واقیعی کوردستان قبوڵ بکرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر ئەو پەیوەندییانە رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ کوردستان ئیمزا بکرێت و رێز لە سەروەریی کوردستان بگیرێت، هەروەك چۆن





ئێستا ڕێز لە هێزی پێشمەرگە دەگیرێت و ڕێککەوتنی سەربازی لەگەڵ سوپای عێراقدا ئیمزا کراوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی عێراقیش هەر دەبێت خۆی پابەند بکات بەو دەستوورەی کە خۆی پێوەی پابەند نەبووە، بەڵام کوردستانیش مافی خۆیەتی کە لەم چوارچێوەیە دانوستاندنی لەگەڵ عێراق بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی زەمینەیەك بڕەخسێت هەتا عەبادی بتوانێت هەنگاو بۆ دەستوورێکی تازەی عێراقی هەڵبگرێت، کە لەلایەك پرۆسەی سیاسیی عێراقی عەرەبی ڕێکبخاتەوە و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوردستان ئاسایی بکاتەوە، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم ڕێککەوتنەی نێوان کوردستان و عێراق ڕازییە .

● سەبارەت بە سووریا، ئاشکرایە ئێستا ڕژێمی بەشار ئەسەد بێجگە لە داشێکی دامە بە دەستی رووسیاوە شتێکی دیکە نییە، بۆیە بۆ ڕژێمی بەشار ئەسەد، ئاسانترە کە هەڵویستی رووسیا بەرامبەر کوردستان و ریفراندۆم بزانین، لەسەر ئەم پرسە رووسیا لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی ڕاگەیاندووە کە نەك هەر دژی ریفراندۆمی کوردستان نییە، بەڵکو هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی کوردستان و عێراق بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش.

ئەوەی لەم نووسینەدا ئاماژەی پێکراوە، نە شرۆڤەیە، نە تەفسیر، بەڵکو خستنە رووی کۆمەڵێك زانیارییە کە بۆ هەموو کەسێك لەبەردەستە ئەگەر خواستی بێت دەستی بکەوێت، بۆیە خستنە رووی ئەم زانیاریانە بۆ ئەوەیە خوێنەر خۆی شرۆڤە و تەفسیری لەسەر بکات بۆ ئەوەی بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمری واقیعی دەوڵەتی کوردستان بۆتە ئامانجی هەرە سەرەکیی شەڕی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، ئەگەر هەر دەسەڵات و دەوڵەت و لایەنێك دژی ئەم ئامانجە هەڵوێست وەربگرێت، ئەوا شەڕێکی جیهانی وەك شەڕی دژی داعش ڕووبەڕووی دۆڕاندنێکی گەورەی دەکاتەوە و سەرهەڵدانی دەیان گرووپی هاوشێوەی داعش لە ناو رادیکاڵیەتی توندڕۆی ئیسلامی (سوننە و شیعە) دروست دەبێت و ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەخاتە بەر مەترسییەکی ئەوتۆ کە چارەسەرکردنی مەحاڵ دەبێت.






### شێخ نیاز راغب دێگەیی

پێشنوێژ و گوتاربێژی مزگەوتی شەهید سەباح لە هەولێر بۆ گوڵان:

# سەرختتنی پرۆسەی سەربەخۆیی ئەرکێکی دینی و شەرعی هەموو موسڵمانانەو هەر کەسێک حەز بکات میللەتەکەی ژێردەستە بێت گوناهبار دەبێت

هەروەك ئاشکرایە ئایینەکان بەگشتی و ئایینی ئیسلام بەتایبەتی بایەخێکی زۆریان بە ئیرادەی ئازادی ئینسان داوەو بگرە بنچینەی مرۆڤبوون و کەرامەتی مرۆییان پەیوەست کردووە بە بوونی سەربەستی و ئازادییەوە، لەم روانگەیەوە گرنگی لێکدانەوەی هەوڵ و هەنگاوەکانی باشووری کوردستان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە روانگەی ئایینییەوە دێتەئاراوە، ئێمەش ئەم پرسەمان لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ شێخ نیاز راغب دێگەیی ئیمام و گوتاربێژی مزگەوتی شەهید سەباح و بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان شەنوکەو کردو ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خۆی خستەڕوو.




*** لە ئێستادا بەرەو ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەڕۆین، ئایا لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە تاچەند کۆشش کردن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان رێگای پێدراوەو مافێکی شەرعیی موسڵمانانە؟**

- بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان؛ ئەگەر لە رووی ئایینییەوە پرسی ریفراندۆم بە مەبەستی گەیشتن بە هیواو ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەیی و خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی سەروەری دەوڵەتی خۆمان هەڵبسەنگێنین، بەتایبەتی لەچوارچێوەی ئەو مەبەست و ئامانجانەی کە ئەحکامی شەرعی لەسەری دامەزراوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئەوا پێمان دەڵێت و بە روونی دەردەکەوێت کە ئەنجامدانی ئەو کارە واجبێکی شەرعی و ئایینیی سەرشانی هەر تاکێکە کە لەکوردستان دەژی بە موسڵمان و کورد و ئایینزاو نەتەوەکانی ترەوە، چونکە هەموو زانایان و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام کە تێگەیشتوون لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان دروودی خودای گەورەو میهرەبانی لەسەر بێت، گەیشتوونەتە دەرئەنجامێك کە پێنج ئامانج لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیەو زۆر مەبەستێتی پارێزگارییان لێ بکات، لەبەر رۆشنایی ئەو پێنج ئامانجە هەموو ئەحکامەکانی شەریعەی ئیسلامی دامەزراوە، تەنانەت هەموو ئەو ئیجتیهادانەی فەقیهەکانی ئیسلام کردوویانە بە تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان لەچوارچێوەی ئەو پێنج ئامانجە بونیادنراوەو بە پێنج هەرە پێداویستییە سەرەکییەکان دادەنرێت کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی زۆر پێویستن؛ یەکەمیان ئایین و ئەحکامی تایبەتی بۆ دانراوە، بۆ نموونە جیهاد دانراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێباوەڕان کاتێك دەیانەوێت ئایینەکەمان لەناو ببەن و غەدرمان لێبکەن؛ دووەم ئامانج لە ئیسلام پاراستنی ماڵ و موڵکە کە چەندین ئەحکام دانراوە بۆ ئەوەی ماڵ و موڵکی مرۆڤایەتی پارێزراو بێت، لەوانە بۆ نموونە دزی و بەرتیل و سوو چەندین ئەحکامی تر حەرام کراون، سێیەم کە بەشێکی زۆری ئەحکامەکان بەو ئامانجە دانراوە بۆ پاراستنی نەفسی مرۆڤە، بۆ نموونە خوای گەورەو میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا تۆڵەسەندنەوەی داناوە و رێگای داوە کەسێك کەسێکی تری بەناهەق کوشت، تۆڵەی لێبکاتەوە- ولكم في القصاص حياة يا أولي الألباب- ئەمەش بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مرۆڤەکان بکات بۆیە حوکمی لە سێدارەدان دادەنرێت تاوەکو ببێتە پەندو وانە بۆ کەسانی تر و نەوێرن خەڵکی بەناهەق بکوژن، هەروەها ئامانجی چوارەمین پاراستنی عەقڵ و هۆشدارییە بۆ ئەم مەبەستەش بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانی حەرام کردووەو لە ئیسلامدا حوکمی لەسەر ئەوانەش داناوە کە ماددە کحولییەکان دەخۆنەوە، لەدەستدانی عەقڵی مرۆڤ تووشی چەندین گوناه و تاوان دەکات و مەترسی بۆ کەسەکەو دەوروبەرەکەشی هەیە. پاراستنی ناموسیش خاڵی پێنجەمە بۆ ئەم مەبەستەش بۆ نموونە قورئانی پیرۆز نەزەری ناشەرعی حەرام کردووە، چونکە مەترسیی زینای لێدەکرێت. کەواتە لە روانگەی ئەو پێنج ئامانجەی ئیسلام کە چەندین ئەحکامی شەرعی بۆ داناوەو جێبەجێش کراوە لەکۆمەڵگەی ئیسلامیداو بووەتە پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و هەر یەك لەو ئامانجانە کەموکورتی تێکەوت، ژیان لە رێڕەوی خۆی لادەدات، بۆ نموونە کەسێك لە کۆمەڵگەیەکدا دینەکەی، یاخود ماڵ و سامان و نامووس، یاخود عەقڵی پارێزراو نەبێت، ژیان لەو کۆمەڵگەیە ئاستەم دەبێت. هەر بۆیە لەم روانگەیەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێمان دەڵێت دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ پاراستنی کۆمەڵگە کە لەدنیادا پێی دەڵێن — دەوڵەت- ئەرکێکی شەرعی و پیرۆزە. ئێمەی کورد لەمێژوودا لەم رووەوە ئەزموونی زۆرمان هەیە، بۆ نموونە کاتێك گوندەکانی کوردستان دەسووتان و وێران دەکران ٤٥٠٠ مزگەوت سووتاو وێران کرا، لەغیابی دەوڵەتدا مزگەوتەکانی کوردستان بە -تی ئێن تی - و تۆپ و شۆفڵ وێران کران و دەیان هەزار قورئانی تێدا سووتێنراو خەڵکی لە دینداری رێگرییان لێ دەکرا، خەڵکی کوردستان لەگوندو شارۆچکەو خاکی خۆیان نەیاندەتوانی دینداری و نوێژی خۆیان بکەن، ئەو کات هەموو قوتابخانە ئایینییەکان و حوجرەکانیان داخست و فەقێ و قوتابییەکی ناو مزگەوتیان بە تێکدەر ناو دەبرد. کەواتە ئایینمان مەترسی لەسەر بوو، هەروەکو چۆن ئەو هەموو باخ و زەوییە کشتوکاڵیان سووتاندو بەناوی ناوچەی موحەرەمەوە قەدەغەیان کرد کەس لێی نیشتەجێ بێت و کاری تێدا بکەن، دوژمنانی کورد و سوپای عێراق ئەو هەموو ئافرەتەی ئێمەیان رفاندو ژمارەیەکی زۆریان بردە وڵاتانی کەنداو و دەیانفرۆشتن و بە وڵاتانی کەنداویان دەوت ئەمانە غەیرە دینن، بڕوا بکەن لەدوای رووخانی رژێمی سەدامەوە خەڵکانێك لە وڵاتانی کەنداو نەیاندەزانی ئێمە موسڵمانین، حاجییەکانمان کە دەچوونە حەج

**بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لە رووی ئایینی و سیاسییەوە بوێری و شەهامەتی تێدا بوو، لە هەمان کاتدا بەرجەستەکردنی ئەوپەڕی ئەخلاقبەرزی بوو**

**هەر مامۆستا و زانایەکی ئایینی دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بوەستێتەوە ستەم لە خۆی و قیامەتی خۆی دەکات**

**هەندێ موفتیی عەرەب دەڵێن ئەوەی دەنگ بە سەربەخۆیی کوردستان بدات، دەنگ بە پارچەپارچەکردنی ئوممەتی ئیسلام دەدات، کەچی عەرەب ٢١ دەوڵەتیان هەیە، کەی ئەو ٢١ دەوڵەتە عەرەبییە یەکی گرتەوە ئینجا بێن یەخەی کورد بگرن**



**گرنگیی ریفراندۆم لەوەدایە کە کاتێک بووینە دەوڵەت پرسی کورد لە پرسێکی ناوخۆیی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەردەچێت، واتە ئەگەر بووینە دەوڵەت و شەڕیان پێفرۆشتین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناڵێت ئەوە پرسێکی ناوخۆییە، بەڵکو دەڵێن دەستدرێژی کراوەتە سەر خاکیان و لەسەر پرسی ئازادی و سەروەریی شەڕ دەکەن**

**ئەوەیە بەدبەختیی میللەتی کورد کە لە مێژوودا هەر هەلێک بۆ ئەم خەڵکە مەزڵووم و داماوە هاتۆتە پێش، دوژمنەکانمان خەڵکانێکیان دروست کردووە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو دەرفەتە**

**ئەگەر ژیانی خەڵکی کوردستان هیچ کەموکوڕی تێدا نەبووایە و وەکو خەڵکی دوبەی بژین و قەیرانی دارایی و بێ کارەبایی و بێکاری و هەژاریش نەبووایە، ئەو دەستەو تاقمە هەر دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆییان دەکرد**


دەیان وت ئەوان پێیان سەیرە ئێمە موسڵمانین، وایان دەزانی کورد ئاگرپەرست و دژی ئایینی ئیسلامە، بە سەدان هەزار مرۆڤیان ئەنفال و کۆمەڵکوژ و کیمیاباران کردو لەزیندانەکاندا بە سەدان گەنج لەسێدارە دران و گوللەباران کران، لەمێژوودا حکومەتی عێراق و سوپاکەی لە قڕکردنی کوردو دانیشتووانی کوردستان جیاوازییان لەنێوان گەنج و منداڵ و ئافرەت و پیرەمێردێك نەکردووە، ئەو هەموو تاوانە تەنیا لەبەر ئەوە ئەنجام دراو درێژەی پێدرا، لەبەر ئەوەی دەوڵەتمان نەبوو. ئەمرۆ خوای گەورەو میهرەبان ئەو دەرفەتەی بۆ والا کردووین لەناو میللەتەکەماندا خەڵکێکی خێرومەند چەند حزبێکەو کۆمەڵەیەکە و سەرکردەیەکە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم میللەتە گوزارشت لە راوبۆچوونی خۆی بکات و دەنگ بۆ کوردستانی سەربەخۆ بدات، ئەوا دەبێتە واجبێکی دینی و شەرعی لەسەر هەر یەکێك بەشدار بێت لە سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر پێی ناخۆش بێت، واتا دژی کۆمەڵگەو ئەو پێنج ئامانجەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام مەبەستێتی بیپارێزێت. چۆن دەبێت کەسێك لەکوردستان بژی و کار بۆ پاراستنی کۆمەڵگەو خەڵکەکەی نەکات لە ئەگەری ئەو مەترسییانەی رەنگە لە دوارۆژ چاوەڕێی بکات و مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوەو بەعسێکی تر بە ناوێکی ترەوە هێرش بکاتەوە سەر کوردستان و ماڵ و منداڵ و نامووس و شەرەفمان لەناو بەرێت، هەر کەسێك حەز بکات میللەتەکەی هەر ژێردەست بێت گوناهی دەگاتێ، هەروەکو چۆن هەر حزب و کیانێکی سیاسی و هەر گرووپ و لایەنێك دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بێت، یاخود کار بۆ شکستی پرۆسەکە بکات، دەبێت لەکۆتاییدا باجی ئەوماڵوێرانییە لەئەستۆ بگرێت، هەر بۆیە دەبێت بە هەمووان بەرپرسیارێتی دینی و نەتەوەیی و مێژوویی و نیشتمانی و ئەخلاقی لەئەستۆ بگرین و پابەندبوونێك دووبارە بکەینەوە لەو چەمکە بەرزانەی ئیسلام بەتایبەتی ئەوانەی لەو پێنج ئەحکامەی کە باسم کرد هاتووە.

*** زانایان و مامۆستایانی ئایینی کە لە شۆڕشی نەتەوایەتی گەلی کوردستاندا رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا پێشڕەو بوون؛ ئایا لەم قۆناغە چارەنووسسازەشدا رۆڵی ئەوان چەند گرنگە؟**

- بناغەو بنچینەی دامەزراندنی ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی بۆ خۆشبەختی مرۆڤایەتییە؛ کاتێکیش مامۆستایانی ئایینی بینیویانە و خۆشیان لەناو ئەو رووداوو کارەساتە مێژووییانەدا بوون کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا هاتووەو مرۆڤەکان کۆمەڵکوژ کراون و خاك و ژینگە وێران کراوە، هەربۆیە ئەوان نەیانتوانیوە لەمەڕ ئەو زوڵم و ستەمە بێدەنگ بن و وجودیان لەو پرسانەدا هەبووەو پاڵپشتی و پشتگیری مافە رەواکانی گەلی کوردستانیان کردووە، پێغەمبەرمان دروودی خوای لەسەر بێت لە فەرموودەیەکیدا باسی ئەمە دەکات- انصر أخاك ظالما أو مظلوما- واتا پشتی برای خۆت بگرە ئەگەر ستەمی کرد یا ستەمی لێکرا، یاوەرێکی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت لێی پرسی: باشە دەزانم ئەگەر ستەمی لێکرا، پشتی بگرم، ئەی ئەگەر ستەمی کرد، چۆن پشتی بگرم؟ پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت فەرمووی: بەوە پشتی بگرە لێی مەگەڕێ زوڵم و ستەم بکات، لە ئیسلامدا زوڵم و ستەم لە کوفر مەترسیدارترە، موسڵمانێك دەتوانێت لەگەڵ بێباوەڕێکی دادپەروەر بژی، بەڵام لەگەڵ موسڵمانێکی زاڵمدا زەحمەتە بژی، مەسەلەکە لێرەدا پەیوەندی بە ئەخلاقەوە هەیە، ئەمە بۆ کۆمەڵگەش بەهەمان شێوەیە، دەکرێت لەگەڵ وڵاتێکی بێباوەڕی دادپەروەردا بژین، بەڵام لەگەڵ وڵاتێکی زاڵم و ستەمکار ناتوانین بژین ئەگەر موسڵمانیش بێت، چونکە زیان بە ئایینەکەشمان دەکەوێت، هەروەکو چۆن لە وێرانکردنی مزگەوتەکانی کوردستان دووچاری بووین. بەمشێوەیە زاناو مامۆستایانی ئایینی لە دوو رووەوە پاڵنەریان هەبووە تاوەکو پاڵپشتی شۆڕش و سەرکردەکانیان بکەن، هەم لە رووی ئایینەکەیانەوە خۆیان بە بەرپرسیار زانیوە و وایان داناوە خوای گەورە و میهرەبان لە رۆژی دواییدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات هەم لە رووی ئەخلاقییەوە ئەو زوڵم و ستەمەیان قبوڵ نەکردووەو ویژدانیان تەحەمولی نەکردووە. هەر بۆیە لە مێژوودا سەرقافڵەی شۆڕش بوون و بۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵ و ستەم رابەرایەتی راپەڕینەکانیان کردووە.

*** بەڵام ئێستا هەندێك دەنگ و لایەن بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆرەوە دژایەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکەن، ئایا لەکاتێکدا لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ئەو مافە بە نەتەوەو تیرەو هۆزەکانیش دراوە، ئیتر بۆ دەبێت دەنگی وا لەناو میللەتەکەماندا لەم قۆناغە هەستیارەدا بوونی هەبێت و ناتەبایی لەناو کۆمەڵگە دروست بکەن؟**

- کاتێك جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی



لەگەڵ زانایان و مامۆستایانی ئایینی کۆبووەوە ئەم مەسەلەیەش باس کرا؛ من باوەڕم وایە ئەگەر گریمان ژیانی خەڵکی کوردستان هیچ کەموکوڕی تێدا نەبووایە و وەکو خەڵکی دوبەی بژین و قەیرانی دارایی و بێ کارەبایی و بێکاری و هەژاریش نەبووایە، ئەو دەستەو تاقمە هەر دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆییان دەکرد، لەبەر ئەوەی پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ دوژمن و بەرامبەرەکانمان زۆر قورس و هەستیارە، تا ئێستاش عەقڵییەتی حاکمەکانی عێراق و عەرەب و تورک و فارس و ئەو سیاسەتمەدارانەی تری بیانیش کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەواندا هەیە، ناتوانن قبوڵی ئەو مافە سرووشتییەی گەلی کوردستان بکەن، تا ئێستاش زۆر حوکمڕانی ئەو وڵاتانەی دەوروبەرمان سەربەخۆیی و ئازادیمان پێ حەرام دەبینن و بە ستەمی دەزانن و دەڵێن چۆن دەبێت میللەتی کورد سەربەخۆ بێت؟ لە هەموو کات و قۆناغێکدا خەڵکانێك هەبوون کە کەوتوونەتە ژێر ئەو کاریگەرییە، کە راستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ سوود بە دوژمنانی کورد دەگەیەنێت. ئەوەیە بەدبەختیی میللەتی کورد کە لە مێژوودا هەر هەلێك بۆ ئەم خەڵکە مەزڵووم و داماوە هاتۆتەپێش، دوژمنەکانمان خەڵکانێکیان دروست کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەرفەتە.

*** ئێمە دەزانین پرسی ریفراندۆم لە کۆبوونەوەیەکی حزبە کوردستانییەکان بڕیاری لەسەر درا، ئێوە چۆن لەم بڕیارە دەڕوانن؟**

– ئەم بڕیارە لە دوو لایەنەوە گرنگ بووە؛ هەم لەلایەنی ئایینی بڕیاری سەربەخۆیی گرنگ بوو هەم لەلایەنی سیاسی، لە رووی ئایینییەوە بڕیارێکی پڕ خێر و ئەخلاق بوو، چونکە پێغەمبەر درووودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: (خیرکم المدافع عن عشیرته ما لم یأثم) واتا باشترینتان ئەو کەسەیە بەرگری لە خزم و هۆزی خۆی دەکات، کاتێکیش هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەو بڕیارێکیان دا لە رووی ئایینی و سیاسییەوە بوێری و شەهامەتی تێدا بوو، هەروەها ئەوپەڕی ئەخلاقبەرزی بوو، چونکە نەتەوەی خۆیان فەرامۆش نەکردو ڕێزیان لە خوێنی شەهیدان و ئازاری بنەماڵەکانیان گرت. بەدڵنیاییەوە ئەوانەی لە ٢٠١٧/٦/٧ لەو کۆبوونەوەیە ئەو بڕیارەیان دا کە ریفراندۆم بکرێ، لە رۆژی قیامەت پاداشتی خۆیان دەبینن و ئەو خێرە دەدوورنەوە، چونکە هەوڵی رزگاربوونی میللەتێکی ژێردەستەیان داوە.

هەروەها من پێموایە ئەم بڕیارە دانایییەکی زۆری تێدا بەکارهێنرا، چونکە هەموو شرۆڤەکارانی سیاسی و سەربازی جەخت لەوە دەکەنەوە کە دوای تەواوبوونی شەڕی داعش فشار لەسەر کوردستان دروست دەکرێت کە پێشمەرگە ئەو ناوچانە چۆڵ بکات کە لە دەستی داعش رزگاری کردوون و خاك و خەڵکەکەی دەپارێزن. ناکرێت پێشمەرگەش ئەو ناوچانە چۆڵ بکات، چونکە خەڵکەکە چاویان لە پێشمەرگەیە بیانپارێزێت. کەواتە ئەم بڕیارە زۆر لە جێی خۆی بوو، چونکە ئەگەر بووە شەڕ با ئەمجارە شەڕەکە بۆ رزگاری و سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان بێت، ئەگەر نەشبووە شەڕ، ئەوە نیعمەتێکی گەورەی خوادایە. گرنگیی ریفراندۆمیش لەوەدایە کە کاتێك بووینە دەوڵەت پرسی کورد لە پرسێکی ناوخۆیی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەردەچێت، واتە ئەگەر بووینە دەوڵەت و شەڕیان پێفرۆشتین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناڵێت ئەوە پرسێکی ناوخۆییە، بەڵکو دەڵێن دەستدرێژی کراوەتە سەر خاکیان و لەسەر پرسی ئازادی و سەروەریی شەڕ دەکەن.


*** بەم دواییە ئێوە وەڵامی فتوایەکتان دایەوە کە دژی پرسی سەربەخۆیی کوردستان بوو، دەکرێ لەم رووەوە روونکردنەوەی زیاتر بدەن؟**

– پێشتر ئاماژەم پێکرد کە تێڕوانینی تورك و فارس و عەرەب ئەوەیە کە چۆن دەبێت کورد سەربەخۆ بێت، کە حەتمەن زانا و مامۆستا ئایینییەکانیشیان کەوتوونەتە خەڵك و دەسەڵاتەکانیانەوە، کاتێکیش فتوا دەدەن بە بۆچوونی خۆیان پاساویان هەیە. با ئێمەش گفتوگۆ لەسەر ئەو پاساو و بەڵگەیەی ئەوان بکەین، ئەوان دەڵێن دابەشکردنی عێراق واتا دابەشکردنی ئوممەتی ئیسلام و هەندێ موفتیی عەرەب دەڵێن ئەوەی دەنگ بە سەربەخۆیی کوردستان بدات، دەنگ بە پارچەپارچەکردنی ئوممەتی ئیسلام دەدات، کەچی عەرەب ٢١ دەوڵەتیان هەیە، کەی ئەو ٢١ دەوڵەتە عەرەبییە یەکی گرتەوە ئینجا بێن یەخەی کورد بگرن. باشە کە عەرەب ٢١ دەوڵەتی هەبێت و تورك و فارس دەوڵەتیان هەبێت، ئەی جەنابی موفتی بۆچی بۆ میللەتی کورد حەرامە دەوڵەتی هەبێت لە کاتێکدا سەدان ساڵە دەچەوسێنرێتەوە؟ دواتر کاتێك کوردستان دابەشکرا بەسەر چوار دەوڵەتدا خۆ کەس پرسی بەکورد نەکرد، هەر بۆیە هەر مامۆستا و زانایەکی ئایینی دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بوەستێتەوە ستەم لە خۆی و قیامەتی خۆی دەکات.

**هەر حزب و کیانێکی سیاسی و هەر گرووپ و لایەنێک دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بێت، یاخود کار بۆ شکستی پرۆسەکە بکات، دەبێت لەکۆتاییدا باجی ئەوە ماڵوێرانییە لەئەستۆ بگرێت**

**لەغیابی دەوڵەتدا مزگەوتەکانی کوردستان بە -تی ئێن تی - و تۆپ و شۆفڵ وێران کران و دەیان هەزار قورئانی تێدا سووتێنراو خەڵکی لە دینداری ڕێگرییان لێ دەکرا**

**لەمێژوودا حکومەتی عێراق و سوپاکەی لە قڕکردنی کوردو دانیشتووانی کوردستان جیاوازییان لەنێوان گەنج و منداڵ و ئافرەت و پیرەمێردێک نەکردووە، ئەو هەموو تاوانە تەنیا لەبەر ئەوە ئەنجام دراو درێژەی پێدرا، لەبەر ئەوەی دەوڵەتمان نەبوو**




# جیهان ڕێز لە ئیرادەی کوردستان و پێشمەرگە دەگرێت

**ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی گەیشتووین بەرهەمی خوێنی هەموو شەهیدان و پێشمەرگە و سیاسەتێکی تۆکمە و دڵسۆزانەی سەرۆک بارزانی -یە بۆ هەموو گەلی کورد**

کوردستانی باشوور بەبێ ویستی گەلی کوردو بە خیانەت و زەبری هێز بە عێراقەوە لکێندرا؛ ئەمڕۆش گەلی کورد بە خۆشی و ئاشتییانە دەیەوێت جیابێتەوە لەو عێراقەی کە جگە لە نەهامەتی و شەڕ و دەردەسەری هیچی تری بۆ نەبووە. دوای ئەوەی کوردو کوردستانییەکان هەموو ڕێگایەکیان لەگەڵ عێراق تاقیکردەوە، تاوەکو بتوانن بە ئاشتییانەو لێکتێگەیشتن پێکەوە وڵاتەکە بەڕێوەببەن، بەڵام دەسەڵاتداری عەرەبی عێراق سەلماندیان بڕوایان بە برایەتی کوردو عەرەب نەبووەو بەبەردەوام دژی گەلی کوردستان بوون، مێژووش سەدان جار خۆیمان بۆ دووبارە دەکاتەوە، کەچی هێشتا کەسانێك لەناوماندا هەن، هەر داوای گەڕانەوە بۆ ناو باوەشی بەغدا دەکەن!

دوێنێ بوو ڕێککەوتنی سەربازیمان بۆ یارمەتیدانی سوپای عێراقی هەبوو، تاوەکو شاری موسڵ ئازاد بکەنەوە، کەچی ئەوان خیانەتیان لە پێشمەرگە کردو دەوروبەرمانیان پڕکرد لەحەشدی شەعبی و چەکداری تائیفی، بۆ تێکشکاندنی داعش ١٨٠٠ خێزانی کوردستان تەرمی شەهیدە پاڵەوانەکانیان بۆ هاتەوە بەر دەرگا، کەچی هێشتا داوای جاشایەتی و سەرشۆڕیمان لێ دەکرێت. عێراقێکی بە زۆر دروستکراو، هیچ واتاو مانایەکی پێکەوەژیان و ئاشتییانەی تێدا نەماوەتەوە، کەچی هێشتا خەون بە یەکپارچەیی عێراقەوە دەبینن، ئەوان بەهیچ شێوەیەك ڕێز لە پیرۆزییەکانی میللەتەکەمان ناگرن و بەهەموو شێوەیەك دژایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن. لەبەغدا هیچ شتێك نەگۆڕا، تەنیا شێوەی دەموچاوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، ئەوان میللەتی کوردیان برسی کردو لەبەرچاوی دنیا لەکاتێکدا گەلی کورد داڵدەی ملیۆنێك ئاوارەی عەرەبی دا، کەچی گەمارۆی ئابوورییان لەسەر دانایەن و ڕەفتارەکانی دیکتاتۆری سەدامیان دووبارە کردەوە، کوشتنی کورد بە برسێتی و وێرانکردنی خێزانەکان هیچی کەمتر نییە لە کوشتنی خێزانە کوردەکان بەچەکی قەدەغەکراوی کیمیایی و سوتاندنی گوندو ئەنفالکردنی ژن و منداڵ.

بێگومان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ئەمساڵدا پیرۆزترین هەنگاوەکانی بەدیهێنانی دەستکەوتی ئایندەیەکی گەشە و تۆمارکردن و ریزکردنی جوانترین دێڕەکانە لە لاپەڕەکانی مێژوودا، چونکە ریفراندۆم تەنیا راپرسییەك نییە لە ئێستادا بۆ بڕیار لە چارەنووسی میللەتی کورد و جیابوونەوە لە عێراق، بەڵکو تا رادەیەکی باش لایەنە ناکۆکەکانی خستەوە گفتوگۆ و جارێکی تر دانیشتن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکانیان، یەکێك لە دەستکەوتە باشەکانی ریفراندۆم دڵسۆز و نادڵسۆزی لە لایەنەکان بۆ خەڵکی کوردستان دەرخست. ئەمڕۆ خەڵکی






ڕێباز عوسمان – سلێمانی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

کوردستان و کەسوکاری شەهیدە سەربڵندەکان دەزانن کێ هەوڵ بۆ کوردستانی سەربەخۆ دەدات و کێ دژایەتی دەکات و تەنیا بەرژەوەندیی خۆی لا مەبەستە. لەم کاتەدا کوردستان بە یەك ڕێگەدا دەڕوات، ئەویش ڕێگای سەربەخۆیی و بوون بە دەوڵەتە و ڕێگای دووەمی نییە و ئەگەریش هەبێت، پێیدا ناڕوات و تاقی ناکاتەوە. ئەمڕۆ گەلی کوردستان بەگەلی پێشمەرگە دەناسرێتەوە، بڕیاری ریفراندۆم کارێکی کرد هەموو جیهانی هێنایە کوردستان و کردنیە بەردەم بڕیاری یەکلاکەرەوە بە پاڵپشتیکردنی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، یان نەکردن و خۆشبەختانە تەنیا بە ژمارەی پەنجەی دەستن ئەو وڵاتانەی کە پاڵپشت نابن، هاوکات دژیشی نین بە فەرمی، بەڵام تەنیا لەگەڵ کاتی دیاریکراوی ئێستادا نین، بە تێپەڕبوونی کاتیش وردە وردە ئەوەش نامێنێ و ئەوەی دەمێنێتەوە، تەنیا دژایەتیکردنی دوژمنەکانی کوردو شۆڤێنییەکانی بەرپرسە مەزهەبییەکانی بەغدایە. ئەو بەغدایەی لە سەرەتای باسی ریفراندۆم و باسکردن لە دانانی رۆژێك بۆ وەرگرتنی رای خەڵکی کوردستان، گاڵتەی بە کوردستان و داواکارییەکانی دەهات، وایدەزانی تەنیا بانگەشەی میدیاکانە، بەڵام پاش دیاریکردنی ٢٥ی ئەیلوول و هاتنە سەرخەتی هەموو جیهان کە ڕێزیان لەجەنابی بارزانی و گەلی کورد و پێشمەرگە و بەرژەوەندی کوردستانییان گرت و پاڵپشتی تەواویان بۆ کوردستان دەربڕینی، بەتایبەت ئیسرئیل و ئەمریکا و رووسیا و هەموو وڵاتە ئەوروپییەکان، ئینجا بەغدا راچڵەکی و زانی ئەمە راستە و مسۆگەرە و کوردستان سەربەخۆیی بەدەست دەهێنێت، بۆیە هەستا بە دژایەتیکردنی کوردستان بە توندی، کە زانی ئەوەش سەر ناگرێت، دواتر ٣٦٠ پلە وتار و هەڵوێستی سەر زارەکی گۆڕی و وایدەزانی کوردستان کە شەریکێکی دڵپاکە، بێ دەسەڵاتیشە، نەیدەزانی کوردستان و کوردەکان هەمیشە دڵپاکن بۆ خزمەتکردن و یارمەتیدان، بەڵام هەرگیز بێ دەسەڵات نین و بە قسەی بەغدا و هەڕەشەی توندو رای نارەوایان کوردستان پاشگەز نابێتەوە لە ریفراندۆم و سوورە لە سەر سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتێکی خاوەن پێگەو قورسایی لە جیهاندا، ئەمڕۆ کوردستان پێگەی خۆی بۆ جیهان سەلماندووە، بۆیە هەموو جیهان دێنە کوردستان و هاوبەشی دەکەن لە نەخشەکێشانی داهاتووی پڕشنگداری کوردستان، بۆیە دەبێت هەموو کوردێك چیتر نائومێد نەبێت لە داهاتووی خۆی و نەوەکانی، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە پێی گەیشتووین بەرهەمی خوێنی هەموو شەهیدان و پێشمەرگە و سیاسەتێکی تۆکمە و دڵسۆزانەی سەرۆك بارزانی -یە بۆ هەموو گەلی کورد.

**عێراقێکی بە زۆر دروستکراو، هیچ واتاو مانایەکی پێکەوەژیان و ئاشتییانەی تێدا نەماوەتەوە، کەچی هێشتا خەون بە یەکپارچەیی عێراقەوە دەبینن**






### گریگۆری ئەفتاندیلیان

### پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دەوڵەتانی دەستکرد بەشێکی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن

**گریگۆری ئەفتاندیلیان نووسەرو راوێژکارو وانەبێژێکی سەربەخۆیە، بۆ ماوەی ٢١ ساڵ کاری لەنێو حکومەتی ئەمریکادا کردووە. راوێژکاری سیاسەتی دەرەکیی چەند سیناتۆرێك بووە، هەروەها ئەندامێکی پرۆفیشناڵی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بووە. پێش ئەوەی ئەم پۆستانەی هەبێت، بۆ ماوەی ١٣ ساڵ شرۆڤەکاری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە «دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» کە لە زانکۆی شیگاکۆ بەدەستی هێناوە. لە چەند زانکۆیەکدا وانەبێژی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، بۆ نموونە وانەبێژی کۆرسی «سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بووە لە زانکۆی بۆستۆن، هەروەها لە زانکۆی نۆرس ئیستێرن وانەبێژی کۆرسی «حکومەت و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» و «ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیل» بووە. بۆ شرۆڤەکردنی پرس و پەرەسەندنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و شەڕی دژبە تیرۆر لەم ناوچەیە و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**



*** ئێوە وەك كەسێكی تایبەتمەند لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە بە چڕ و پڕی لەسەر ئەم ناوچەیەتان نووسیوە، چۆن وەسفی ئەو بارودۆخە دەكەن كە لەم ساتەوەختەدا لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت؟**

- لە راستیدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ناسەقامگیرترین ساتەوەختدا تێدەپەڕێت لە مێژووی هاوچەرخیدا، ئەویش بەهۆی ئەو ناكۆكییە بەردەوامەی لەنێوان شیعە و سوننەدا دەگوزەرێت، ئەو ململانێیەی لە نێوان ئێران و سعودیەدا هەیە، لەگەڵ شەڕی بە وەكالەت و هەروەها شەڕی دژ بە داعش كە هێشتا كۆتایی نەهاتووە. لەگەڵ ناكۆكی عەرەب- ئیسرائیل كە بۆ ماوەیەكە كەمتر سەرنجی لەسەر دەدرێت، بەڵام ناو بە ناو ئەم كێشەیە زەق دەبێتەوە وەك ئەو جموجووڵانەی لەم دواییانەدا لە قودس بینیمان. كەواتە بە راستی لەم ساتەوەختەدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسەقامگیری باڵی بەسەردا كێشاوە.

*** باشە ئێوە هۆكارە ریشەییەكانی ئەم ناسەقامگیرییە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆر ئاڵۆزە، بەشێكی پەیوەستە بە شەڕی ٢٠٠٣ی عێراق كە بووەهۆی قووڵكردنەوەی ناكۆكیی نێوان شیعەو سوننە، بە گوزارشتێكی دیكە، دوای ئەوەی سوننە بۆ چەندین دەیە لە لوتكەی دەسەڵاتدا بوون، ئەم دەسەڵاتەیان لەدەستدا، ئەمەش هەستێكی تاڵی لا دروست كردن و دواتر ئێران هات بە هانای شیعەكانی عێراقەوە، ئەمەش بووە هۆی خۆشكردنی ئاگری چەندین ناكۆكی لە ناوچەكەدا. لە سەر ئاستی ناخۆش هۆكارەكە بۆ نەبوونی حكومەتێكی كارا دەگەڕێتەوە، هەروەها زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەكە بەدەست گەندەڵییەكی زۆرەوە دەناڵێنن، لەلایەكی دیكەوە ئەو گەنجانەی خوێندنی زانكۆیان تەواو كردووە، ئایندەیەك بۆ خۆیان بەدی ناكەن، بەهۆی نەبوونی هەلی كارەوە، كەواتە كۆمەڵە هۆكارێك پێكەوە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم بارودۆخە.

*** لە وەڵامەكەتاندا باسی نەبوونی كار و نەبوونی ئومێد بە ئایندەت كرد لای گەنجان، تا چەند ئەمە هۆكارێك بووە بۆ ئەوەی ڕێكخراوە تیرۆریستی و توندڕەوەكان ئەم گەنجانە بەرەو ریزەكانیان رابكێشن و تا چەند ئەمە پرسێكی گرنگە بۆ ئەوەی لە سیاسەتەكانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا لەبەرچاو بگیرێت؟**


- هەروەك ئاماژەم پێكرد بێكاری گەنجان یەكێكە لە كێشە جددییەكانی ئەم ناوچەیە، بەتایبەتی ئەوانەی زانكۆیان تەواو كردووە كە كاتێك بەهۆی ئەنتەرنێتەوە دەبینین خەڵكانی وڵاتانی دیكە چۆن دەژین و دواتر بەراوردی دەكەن بە ژیانی خۆیان. بە هەمان شێوە، هەروەك ئاماژەم پێكرد، نەبوونی حكومەتی كارا و بوونی كێشەی گەندەڵی، كە دەستەواژەیەك هەیە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن: «واسگە»، كە مەبەستەكە ئەوەیە تاوەكو كەسێك نەناسیت، ئەوا زۆر زەحمەتە كارت دەست بكەوێت. لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت هەوڵی ئەنجامدانی چاكسازیی ئابووری و سیاسی بدرێت، ئەگەرنا گرووپە توندڕەوەكان لە راكێشانی ئەم گەنجانە بۆ نێو ریزەكانیان بەردەوام دەبن.

*** ئاشكرایە كە كاریگەری و دەرهاویشتەكانی كێشە و تەنگژەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەلیانكێشاوە بۆ بەشەكانی دیكەی جیهان، واتە ئەم ناوچەیە خۆی بۆتە كێشەیەك بۆ جیهان، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریكا بەتایبەتی دەتوانن، یان دەبێت چی بكەن بۆ ئەوەی بەلای كەمەوە هەندێ لە تەنگژەكانی ئەم ناوچەیە خاوبكەنەوە؟**

- گرفتەكە لەوەدایە ئەمریكا دەستێوەردان بكات یان نا، هەر كێشەیە، مەبەستم ئەوەیە هەندێ جار هەندێ لە لایەنەكان خوازیاری ئەوەن ئەمریكا دەستێوەردان بكات، بەڵام كاتێك دەستێوەردان دەكات ئەوا كاردانەوە و دەرهاویشتەی پێچەوانەوەی لێدەكەوێتەوە. لەبەر ئەوە هەندێ جار زۆر زەحمەتە ئەمریكا دەستێوەردان بكات. ئەوەی پەیوەست بێت بەوەی ئەمریكا دەبێت، یان دەتوانێت چی بكات، ئەوا من پێموایە پێویستە ئەمریكا زیاتر و زیاتر تەركیز لەسەر هاوكاریی ئابووری بكاتەوە، نەك دەستێوەردانی سەربازی، ئەگەرچی تاوەكو داعش بمێنێت، ئەوا ئەمریكا دەستێوەردانی سەربازی دەكات، كە كردووشیەتی، بەڵام هەر كاتێك داعش تێكشكێندرا، ئەوا پێویستە ئەمریكا هاوكار بێت لە بواری پەرەپێدانی ئابووریدا. بۆ نموونە لە عێراقدا و بەهۆی شەڕی دژ بە داعشەوە شارەكانی وەك رومادی و موسڵ بە رادەیەكی گەورە وێران بوون، كە زۆربەی خەڵكیش خوازیاری ئەوەن جارێكی دیكە ژیانێكی ئاسایی بەسەربەرنەوە، باوەڕم وایە ئەمریكاش دەتوانێت هاوكار بێت لەم رووەوە بۆ ئەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی یاخیگەری سوننی كەم ببێتەوە.

*** باشە دیاردەیەكی دیكە هەیە لەم ناوچەیەدا كە بریتییە لە لاوازبوون و لە هەندێ حاڵەتدا داڕووخانی تەواوی دەسەڵات و دام و دەزگاكانی دەوڵەت، لێكدانەوەی ئێوە بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟**

- ئەمە راستەو ئێمە ئەمە حاڵەتەمان لە وڵاتێكی وەك سووریا بینی، كە دەبینین سەرجەم خاكی وڵاتەكە لە ژێر دەستی حكومەتدا نییە، بەڵكو بەشێكی لە ژێر كۆنترۆڵی گرووپە یاخییەكان و گرووپی داعشدایە. لەلایەكی دیكەوە پشێوی باڵی بەسەر وڵاتانی وەك لیبیا و یەمەندا كێشاوە، عێراقیش هەوڵدەدات خۆی لە كاریگەرییەكانی ئەو داگیركارییە رزگار بكات كە لە ساڵی ٢٠١٤دا دوچاری هات لەسەر دەستی داعش كە لە ڕۆژهەڵاتی سووریاوە هاتن. لە هەمان



**هەندێ راپۆرت باس لە رۆڵی ئێران دەکەن لە هاندان و هەڵنانی شیعەکانی بەحرەین و یەمەن، بۆیە ئەو نیگەرانییە هەیە کە ئێران لە چەند وڵاتێکی عەرەبیدا دەستڕۆیشتووە و کار لەسەر شەڕی بە وەکالەت دەکات**

**ئەگەری ئەوە هەیە هێزەکانی حەشدی شەعبی ببنە فاکتەری ناسەقامگیری و بە بۆچوونی من باشترە حکومەتی عێراق هەڵبستێت بە هەڵوەشاندنەوە، یان ئاوێتەکردنیان لە نێو سوپادا، بەڵام ئێران ئەم هێزانە بە ئامرازێک دەزانێت بۆ مومارەسەکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا**

کاتدا کێشە و تەنگژە لە نێو وڵاتانی کەنداودا دروست بووە کە سعودیە و ئیمارات قەتەر تۆمەتبار دەکەن بە بوونی پەیوەندی بە گرووپە جۆراوجۆرەکانە، هەروەها بە ئێرانەوە، کە هەموو ئەم هۆکارانەش بوونەهۆی ئەوەی ئەم بارودۆخە بێتەئاراوە.

*** تا چەند هاوڕان لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کە پێیوایە چۆنیەتی دروستبوونی ئەم دەوڵەتانە هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە ئەم دەوڵەتانە هەڵگری کێشە بن و نەتوانن ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیان ئەدا بکەن؟**

- ئەوە راستە کە بەشێکی کێشەکە بۆ ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتانە لایەن هێزە کۆلۆنیاڵییەکانەوە نەخشەکەیان دارێژدرا، واتە لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیاوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە رێی رێککەوتنی سایکس پیکۆ و دواتر کۆنفرانسی سان ریمۆ، کە سنوورەکانیش رەنگدانەوەی واقیعە ئیتنی، یان تایفەگەرییەکەی ناوچەکە نەبوون. بۆ نموونە عێراق لەلایەن بەریتانیەوە پێکەوەگرێدرا، کە لە باکووردا ناوچەی کوردنشین هەبوو، لە ناوەڕاستیدا سوننە و لە خوارووشدا شیعە، کە ئەم وڵاتەش یان لەلایەن بەریتانیەوە یان پاشایەتی یان دیکتاتۆرییەتەوە وەك وڵاتێکی یەکگرتوو هێڵدراوەتەوە. بەڵام دوای داگیرکارییەکەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا گرووپ و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق ململانێ لەسەر پێگەکانی دەسەڵات دەکەن. کەواتە بەڵێ دەتوانین بڵێین هەندێ لە دەوڵەتەکان دەوڵەتی دەستکردن.

*** لە وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەوە دیکتاتۆریەت بووە کە یەکپارچەیی خاکی وڵاتێکی وەك عێراقی پاراستووە، کە رەنگە ئەمە بۆ چەند وڵاتێکی دیکەی ناوچەکەش راست بێت، پرسیارەکە ئەوەیە دوای ئەو بارودۆخ و پەرەسەندنانەی هاتنەئاراوە کە باس لەوە دەکرێت گەڕاندنەوەی رەوشەکە بۆ دۆخی رابردوو زیاتر لە مەحاڵەوە نزیکە، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا ئایندەی ئەم وڵاتانە چۆن دەبێت؟**

- من پێموانییە هەندێ لەم وڵاتانە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دابەش ببن. ئەوەی پەیوەندی بە سووریاوە هەبێت، ئەوا ئەگەر چارەسەرێکی سیاسیش لەو وڵاتەدا بێتەئاراوە، ئەوا زیاتر دابەش دەبێت بەسەر چەند ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەریدا. بە گوزارشتێکی دیکە، لەبەر ئەوەی کە کوردی سووریا لە پێگەیەکی بەهێزدان لەو ناوچەیەدا کە پێی دەوترێت رۆژئاڤا، ئەوا بۆی هەیە ببنە خاوەن خۆبەڕێوەبەرییەکی چەشنی ئەوەی کوردی عێراق بەدەستیان هێناوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە. کەوابێت من پێشبینی دەکەم کە خۆبەڕێوەبەری لەم وڵاتانەدا بێتەئاراوە، نەك ئەوەی ئەم وڵاتانە دابەش بن بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی بچووك.

*** هەر لەپەیوەندی بە پرسی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆییەوە، ئێوە ئاماژەتان بە هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام لە ئێستادا ئەم هەرێمە پێیوایە حکومەتی عێراقی نەیووستووە نایەوێت ئەو ئەزموونی خۆبەڕێوەبەرییە سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوە چەندین جار رایگەیاندووە کە جگە لە سەربەخۆیی هیچ رێگاچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوە، بۆچونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**


- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە زۆر هاوسۆزم لەگەڵ خواستی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بۆ سەربەخۆیی، بەڵام پێموایە لە رووی ستراتیژیەتەوە ئەم جیابوونەوەیە کێشەی لێدەکەوێتەوە، چونکە تورکیا لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام نایەوێت ئەم حاڵەتە لە کوردی باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتەکەیدا دووبارە ببێتەوە و ئەوانیش جیاببنەوە، هەروەها ئێرانیش کەمینەی کوردی هەیە لە وڵاتەکەیدا، ئێرانیش خوازیاری ئەوە نییە دەوڵەتێکی کوردی لەسەر سنوورەکەی دروست بێت. لەبەر ئەوە پێموایە بۆ کورد خۆبەڕێوەبەری رێگاچارەیەکی واقیعبینانەترە لە سەربەخۆیی، چونکە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیی کورد سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی و شەڕی زیاتر لە ناوچەکەدا، ئەمەش ئاماژەیەکی باش نابێت بۆ کورد، لەبەر ئەوە بە مانای ئەوە دێت کە کورد قوربانیی زیاتر بدات دوای ئەوەی بۆ چەندین دەیە دوچاری ناڕەحەتی و نەهامەتی هاتن.

*** ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باسی رەوشی عێراق بکەین پێتوایە پێویستە ئەمریکا هێزێکی سەربازی لەعێراقدا جێگیر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداربێت لەهەوڵی سەقامگیرکردنەوەی بارودۆخەکە لەدوای تێکشکاندنی داعش؟**

- لە راستیدا من پێموایە پێویستە بوونی سەربازی ئەمریکا لەعێراقدا سنووردار بکرێت، ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت راهێنانی هێزەکانی عێراقە کە لە ئێستادا بەڕێوەدەچێت، بەڵام لە رووی مێژووییەوە هەمیشە عێراقییەکان بەرهەڵستیی سوپای دەرەکییان کردووە، کە من لە دوایین وتاریشمدا ئاماژەم بەمە کردووە، چونکە تەنانەت دوای ئەوەی عێراق لەساڵی ١٩٣٢ سەربەخۆیی بەدەستهێنا، هێشتا بوونی سەربازی بەریتانی لە عێراقدا لە ئارادابوو، کە ئەوەش مایەی کێشە بوو، لەبەر ئەوە زۆرێك لە ناسیۆنالیستە عێراقییەکان نەیاندەویست هیچ سوپایەکی دەرەکی لەسەرخاکی وڵاتەکەیان بێت.

*** ئەی لە بوارە سیاسییەکەدا ئەمریکا دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە بکەوێتەسەر رێڕەوی سرووشتیی خۆی؟ ئایا ئەزموونەکانی پێشووی ئەمریکا تا چ رادەیەك لەم رووەوە سەرکەوتوو بوون؟**

- لە راستیدا پێشتر ئەمریکا هەوڵی لەم چەشنەی داوە، بە دڵنیاییەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێك دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان هەوڵیاندا قەناعەت بە مالیکی بکەن، بۆ



ئەوەی عەرەبی سوننە ئاوێتەی حکومەتەکەی بکات، کە هەمیشە وەڵامەکە بەڵێ بوو، بەڵام بە کردەوە هیچ شتێکی ئەنجام نەدەدا. لەبەر ئەوە من دڵنیانیم کە ئەمریکا ئەوەندە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەبێت بۆ گۆڕینی تێڕوانینە سیاسییەکە. بەڵام پێموایە حەیدەر ئەلعەبادی کەسێکی جیاوازترە، ئەگەرچی ئەویش هەر سەر بە هەمان حزبەکەی مالیکییە، کە حزبی دەعوەیە، بەڵام پێدەچێت عەبادی جددیتر بێت لە ئاوێتەکردنی سوننە لە حکومەت و لە کارکردن بۆ ئەوەی سوننەکان وەك دوژمن لە شیعە نەڕوانن. کەواتە لەم رووەوە دیپلۆماتکارە ئەمریکییەکان دەتوانن رۆڵیان هەبێت، بەڵام پێموایە ئەم ئەرکە قورسترە لەوەی کە هەندێ کەس بیری لێدەکەنەوە.

*** باشە با ئێمە پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین، ئایا ئێوە تا چەند گەشبینن بە هەر رێککەوتنێکی دابەشکردنی دەسەڵات کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا پێتەئاراوە، بە تایبەتی لە سووریا و عێراقدا؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا من گەشبینترم بە بەراورد بە سووریا، لەبەر ئەوە دوای ١٤ ساڵ لە شەڕ و ناکۆکی ئێستا خەڵکی دەیانەوێت ژیانێکی ئاسایی بەسەربەرن، کە من ئومێدەوارم دوای تێکشکاندنی داعش لە عێراقدا زۆرێك لە خەڵکی عێراق بگەڕێنەوەسەر ژیانی ئاسایی خۆیان و هۆکار و پاڵنەری ناکۆکی و شەڕی زیاتر کەم ببێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە سووریاشەوە هەبێت، ئەوا من لە ئاسۆدا کۆتایی ئەو شەڕە نابینم لە ئێستادا.

*** ئێوە دەزانن یەکێك لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی داڕووخانی سوپای عێراق لە بەرامبەر داعشدا دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی بوون، ئایا پێتوایە تا چەند ئەم هێزانە دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی هەوڵەکانی ئاشتەوایی و راستکردنەوەی پرۆسە سیاسییەکە؟**

- من پێموایە پێویستە حکومەتی عێراق دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵ حکومەتی ئێرانداو پێی رابگەیەنێت کە ئێمە وەك دوو حکومەت دۆستی یەکتر دەمێنینەوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هێزەکانی حەشدی شەعبی ببنە فاکتەری ناسەقامگیری و بە بۆچوونی من باشترە حکومەتی عێراق هەڵبستێت بە هەڵوەشاندنەوە، یان ئاوێتەکردنیان لەنێو سوپادا، بەڵام ئێران ئەم هێزانە بە ئامرازێك دەزانێت بۆ مومارەسەکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا، لەبەر ئەوە خوازیاری ئەوە نییە هەڵبوەشێندرێنەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە دەبێت حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی لەگەڵ ئێراندا گفتوگۆی لەبارەوە بکات.

*** ئێمە دەمانەوێت لەم گفتوگۆیەماندا لەبارەی وڵاتێکی دیکەوە پرسیار بکەین، ئەویش ئیسرائیلە و پرسیارەکەشمان دوو بەش لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان بۆچی ئیسرائیل ئێران بە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت و ئایا پەرەسەندنەکانی سووریا چۆن بوونەتە هۆی قووڵکردنەوەی ئەم ترسەی ئیسرائیل؟ دووەمیان ئەوەیە زۆرجار بەرپرسە باڵاکانی ئیسرائیل بە سەرۆکی وڵات و سەرۆك وەزیرانەوە پشتیوانی لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**


- ئەوەی پەیوەندی بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەتانەوە هەبێت، ئەوا ئیسرائیل خوازیارە کە بەرزاییەکانی جۆلان- کە هاوسنوورە لەگەڵ ئیسرائیلدا- وەك ناوچەیەکی ئارام بمێنێتەوە و نایەوێت پەرەسەندنەکانی شەڕی سووریا پەلبکێشێت بۆ بەرزاییەکانی جۆلان. ئەوەی پەیوەست بێت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەوە، ئەوا ئاشکرایە کە هەندێ لە ئیسرائیلییەکان زۆر هاوسۆزن لەگەڵ کێشەی کورددا. هەندێ جاریش هەندێ مەسەلەی ستراتیژی دیکە هەن کە رۆڵیان هەیە، کە ئێمە دەزانین لە ساڵانی حەفتاکاندا ئەمریکا و ئیسرائیل هاوکاریی یاخیبوونی کوردیان دەکرد لە دژی سەددام، بەڵام دوای ئەوەی رژێمی شا رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کرد ئەو پشتیوانییە راگیرا.

*** ئەوەی پەیوەندی بە دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە هەبێت، ئەوا نەك هەر ئیسرائیل بەڵکو وڵاتانی دیکەش لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا گوزارشت لەوە دەکەن کە سیاسەتەکانی ئێران مایەی ناسەقامگیرین لە ناوچەکەدا، ئێوە تا چەند هاوڕان لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران رۆڵێکی سلبی دەبینێت لەم ناوچەیەدا و ئەگەر ئێران بەشێك بێت لە کێشەکە چۆن دەتوانرێت کارێك بکرێت کە ببێتە بەشێك لە چارەسەر؟**


- لە راستیدا بەشێکی ئەو مەسەلەیە راستە، چونکە ئێران دەستڕۆیشتووە لە چەند وڵاتێکی عەرەبیدا، بۆ نموونە، بوونێکی چالاکی هەیە لە عێراق و سووریادا، هەروەها لە بەحرەینیشدا، چونکە ئەگەرچی شیعەکانی بەحرەین نیگەرانی رەوایان هەیە، بەڵام هەندێ راپۆرت هەن باس لە رۆڵی ئێران دەکەن لە هاندان و هەڵنانی شیعەکانی ئەو وڵاتەدا، کەواتە ئەو نیگەرانییە هەیە کە ئێران لە چەند وڵاتێکی عەرەبیدا دەستڕۆیشتووە و کار لەسەر شەڕی بە وەکالەت دەکات. بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەمریکا بە هەموو قورسایی خۆی پشتیوانی سعودیە و یەمەن بکات، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاد لە پێویست هەڕەشەی ئێران گەورە بکرێت، مەبەستم ئەوەیە لە کێشەی یەمەندا کاتێك ئەمریکا پشتیوانی سعودیەی کرد، ئەوا ئەو پشتیوانییە نەبووە هۆی کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆیی یەمەن، بەڵکو تەنیا بووە هۆی قووڵکردنەوەی کارەساتی مرۆیی ئەو وڵاتە.

**کوردی سووریا لە پێگەیەکی بەهێزدان لەو ناوچەیەدا کە پێی دەوترێت رۆژئاڤا، بۆیە ئەگەری هەیە ببنە خاوەن خۆبەڕێوەبەرییەکی چەشنی ئەوەی کوردی عێراق بەدەستیان هێناوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە**

**دەبێت هەوڵی ئەنجامدانی چاکسازیی ئابووری و سیاسی بدرێت، ئەگەرنا گرووپە توندڕەوەکان لە راکێشانی گەنجان بۆ نێو ریزەکانیان بەردەوام دەبن**



# ریفراندۆم دەرگایەک بەرەو بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ




**مەیادە محەمەد نەجار**

**سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا**

بۆ گوڵان نووسیویەتی


ئەمڕۆ ئاسۆی بە خاوەن دەوڵەتبوونی کورد لە باشووری کوردستان خەریکە دەبێتە پرۆگرامێکی سەرکەوتوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا بارودۆخێکی ئەوپەڕی سەقامگیری بەخۆیەوە بینیوەو هەنگاوی بەرەو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتیەت و یاسا و رێساکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەرەپێدان لە هەموو کایەکاندا ناوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە وەکو لای هەموو لایەکمان روون و ئاشکرایە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان زۆربەی قۆناغەکانی پێشکەوتنی بەرەو دەوڵەتبوونی بڕیوە، بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك بوار لەبەردەم رۆڵەکانی ئەم هەرێمەدا برەخسێنرێت کە ئامانج و خواست و مافەکانیان بێتەدی و زیاتر هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن هەڵێنن.

چەمکی دروستکردنی دەوڵەت، یان وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسین، لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زۆرترین مشتومڕ و قسە و باسی لەسەر کراوە، بەڵام هەموو ئەو باس و بڕیارانە هیچ کات بازنەی بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردی نەگرتۆتەوە. لە پرسی نەتەوەی کورددا بەردەوام دوو هۆکار یەکیان گرتووە کە رێگربوون لە دروستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ گەلی کورد، لەوانە هۆکارە دەرەکییەکان کە خۆی لە رێکەوتننامەی سایکس پیکۆ دەبینێتەوە کە ئەوکات وڵاتانی داگیرکەر بۆ جێگیرکردنی ناجێگیری سنووری دەسەڵاتی خۆیان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، میللەتی کوردیان کردە قوربانیی کۆمەڵێك رەوش و هەلومەرجی دیاریکراو، چونکە لەو رۆژگارەدا وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی (بەریتانیاو فەرەنسا) لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و هێشتنەوەی وڵاتانی داگیرکراو لەژێر دەستی خۆیاندا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، کۆمەڵێ گرفت و قەیرانی ناوخۆیان لەو وڵاتانە دروستکرد، لەوانە بەرجەستەکردنی واقیعی کەمینەو زۆرینە و داڕشتنی ناعەدالەتی لە جیاکردنەوەی سنووری نێوان وڵاتان. ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك گۆڕانکاریی تایبەت بەخۆی هەیە، بە جۆرێك زۆرێك لە سیاسەتوانانی کورد توانیویانە خۆیان لەو قەیرانە دێرینانە رزگار بکەن، بەتایبەتی ئەوەی کە هەستی پێ دەکرێت ستراتیژیەتی جیهان گۆڕانکاری زۆری بە خۆیەوە بینیوە و لە سێبەری گۆڕانکارییەکانی دنیادا جیهان بەگشتی شێوەی رێکخستنی نوێ و واقیعی نوێ و سیستەمێکی نوێ دەخوازێت، زۆر لە نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەتوانن سوود لەم پرسە وەربگرن بۆ بنیادنانەوەی تواناو سەلیقەی خۆیان، بۆیە دەتوانین هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا بەوە شیبکیەنەوە کە لێرەدا باس دەکرێت:

یەکەم: هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ توانیویەتی هەنگاوی پێشکەوتوو بنێت لە رووی بنیادنانەوەی دەوڵەتداری بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بینیمان عێراق لە هەموو روویەکەوە تووشی داڕمان بووە، تەنانەت بە بڕوای زۆر لە سیاسەتوانان قۆناغی داڕووخانی رەتکردووە، چونکە لە واقیعدا لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ عێراق نەیتوانیوە هیچ دامەزراوەیەکی دیموکراسی دامەزرێنێت.


دووەم: ئەو شەڕو تیرۆرەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەدوای خۆیدا هێناوەو وایکردووە کە سەرلەنوێ نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکرێتەوەو چیتر میللەتانی ئەم ناوچەیە بە گوێی حکومەتە تۆتالیتارەکانی عەرەب نەکەن.

سێیەم: کۆتاییهێنان بەو سنوورە دەستکردانەی کە لە ماوەی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا لەلایەن فەرەنساو بەریتانیاوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان دایانڕشتبوو کە هیچ گۆیان بە ئارەزووی میللەتان نەدابوو، ئەمەش وادەکات سەر لەنوێ کورد نەخشەی خۆی بنیاد بنێتەوە.

چوارەم: ئەو رەهەندە مێژووییانەی بە درێژایی ماوەی خەباتی سیاسی بۆ وەرگرتنی مافی نیشتمانیی کورد هیچ هەلێکی بۆ نەڕەخساوە،

لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام خەباتی سەخت و دوورو درێژی بۆ وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسین کردووە، بۆ ساتێکیش بێدەنگ نەبووە و کۆڵی نەداوە. ئەم واقیعە تاڵەی کورد تا کۆتایی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، بەڵام ئەمڕۆ هەست بەوە دەکرێت کە کورد لە رووی سیاسی و ئابووری و بنیادنانەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەنگاوی باشی ناوە، بەتایبەتی دوای (٢٠٠٣) کورد بەهۆی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك مسعود بارزانی کورد توانیویەتی جۆرە سیستەمێکی نوێ لە پەیوەندییە جیهانییەکان بنیاد بنێتەوە.

پێنجەم: سیاسەتی دۆناڵد ترامپ سیاسەتێکی زۆر پڕ لە گۆڕانکارییە لەجیهاندا، ئەوەتا ترامپ دەیەوێت هێزی سەربازی رەوانەی عێراق بکاتەوە، لەلایەکی ترەوە دەیەوێت رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێران هەڵپەسێرێت، ئەمانە هەمووی لە بەرژەوەندی میللەتی کوردن، هەر ئەمەشە کە دەوڵەتبوونی کوردستان دەکاتە بابەتێکی واقیعی لە رۆژگاری ئەمڕۆی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆمارییەکان لەویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەك دەزانین هەمیشە ئەو سەرۆکانەی سەر بە کۆمارییەکان بوون، سیاسەتی گۆڕانکاری لە دەرەوەی ئەمریکا بەزر دەکەنەوە، پێدەچێت دۆناڵدا ترامپیش هەمان بەرنامەی هەبێت، وەك دەبینین ترامپ دەیەوێت چاو بە سیاسەتی پێشووی ئەمریکادا بخشێنێتەوە کە پێشتر هەبووە، بەتایبەتی کشانەوەی سوپای ئەمریکا کە بووە هۆی باڵادەست بوون و هەژموونی ئێران، بۆیە سیاسەتی ئێستای ترامپ هاندانێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، چونکە ترامپ دەیەوێت دیوارێکی بەهێز بەرامبەر بە نفووز و هەژموونی ئێرانییەکان هەبێت، لەولاشەوە بەنیازی هەڵپەساردنی رێککەوتننامە ئەتۆمییەکەیە، ئەمەش وادەکات کە ئەمریکا بیەوێت دەوڵەتێکی نوێ لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دروست بکات، ئەو دەوڵەتەش کوردستان دەبێت.



# ئافرەتان لە پرسە چارەنووسسازەکان خۆیان بە پێشەنگ دەزانن




**حەیات مەجید قادر**

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

بۆ گوڵان نووسیویەتی


هەڵبەتە بوێری و سەدای ئافرەتی کورد بەرامبەر بە مافەکانی شتێکی تازە نییە کە بیزانین، یاخود بیبیستین، بەڵکو ئەو سەدایە چەندین سەدەیە دەنگدانەوەی لە شاخ و شارەکانی کوردستاندا هەبووە، ئافرەتی کورد هەمیشە بە جەرگەوە بۆ سەندنی مافەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان خەباتیان کردووە سازشیان نەکردووە، هەر لە خەباتی پارتایەتی لە کوردستان کەم تا زۆر لە کۆی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا لە دامەزراندنیانەوە تا ئێستا ئافرەتان بەشێکی گرنگ بوون تێیدا و بەرهەمی گرنگیشی دروستکردنی رێکخراوی تایبەت بە خۆیان بووە، تا بتوانن لەو رێگەیەوە مومارەسەی پارتایەتی کاری سیاسیی خۆیان بکەن، لەم نێوەندەشدا نموونەیەکی جوانیان پێشکەش کردووە کە تێکەڵبوونی ئافرەتانە لە کاری رێکخراوەیی و جەماوەری و مەدەنی بۆ مەبەستی بە ئامانج کردنی مافی دەستەبەرکردنی کۆی ویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان، لەو بوارەشدا هەوڵی بێشوماریان داوە، بە ئێستاشە کە بەردەوام لە گشت سێکتەر و سلکە جیاوازەکاندا بە بێ وچان شانیان داوەتە بەر ئاراستەکان و هەمیشە وەکو بەشێك لە چارەسەر وجوودیان هەبووە و هەیە.

ئافرەتانی کوردستان و پێداگیریی بەرامبەر بە مافەکانیان ئەو شکۆیەی بۆ دروستکردوون و ئەوەش لە سایەی ماندووبوون و کۆڵنەدانیان بووە، هەر لە پشکداری لە کاری سیاسی و دیپلۆماسی و پەرلەمانی و حکوومی تا کاری رێکخراوەیی و پەروەردەیی و هونەری و.. هتد. ئەم کەشکۆڵە پڕ دەسکەوتەش بە بێ نەهامەتی و ماندووبوون نەبووە، بە سەدان هەوڵی گەورەش بۆ یەك دەستکەوتی نەتەوەیی دراوە، ئەوەشە کە تا ئێستا هەمووان شانازیی پێوە دەکەین. بۆ ئەوەی ئافرەتانی ئێمە هەموو کات ئیفتیخار بکەن بە دەستکەوتەکانیانەوە دەبێت بزانین گەورەترین دەستکەوت لە ئێستادا بەپیرەوە چوونە بۆ بەشداریکردن لە پڕۆسەی ریفراندۆم و کارکردن بۆ سەرخستنی ئەو پڕۆسە گرینگەیە، لە سایەی بەشداریمان و سەرکەوتنی ئەو پرسەشدا، هەموو کاتێك بەرەو پێشتر دەچین لە مسۆگەرکردنی داهاتووی خۆمان و نەوەکانمان.

بۆ سڕینەوە و کاڵکردنەوەی ئەو هەموو نەهامەتییەی کە ئافرەتانی کورد لە سایەی ژێردەستەیی و کۆیلەیەتی و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان تووشی بوون، دەبێت هەنگاوی قایم بۆ سەربەخۆیی هەڵبگرین. ئەو هەموو خوێن رژان و گیانبەخشین و جەرگسووتان و شەهید بوونی باوك و برا و هاوسەر و قوربانیدانە بەسە. بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتی ئافرەتانی ژێر دەستی داعش و نەکردنی مامەڵە بە جەستەی ئافرەتەوە دەبێت بە سەدایەکی بەرز و بە بێ ترس بڵێین بەڵێ بۆ مافی نەتەوەیی خۆمان و دەبێت وەك هەمیشە خۆمان بە پێشەنگ بزانین لە پرسە چارەنووسسازەکان و بە هەموو دونیا و ناوەند و رێکخراوە جیهانییەکان بڵێین ئێمە توانیمان بە (بەڵێ) یەك مافی نەتەوەیی خۆمان بستێنین و چیدی ژێردەستەیی قبووڵ نەکەین.